# بێ مافی، ڕزگاربوانی گۆڕی بەکۆمەڵ، لە یاسای ماف و ئیمتیازی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراواندا .

هەوڵێک بۆ گەرانەوەی شکۆمەندی دەربازبوانی گۆڕی بەکۆمەڵ




عومەر محەمەد

٢٠١٥/١٠/١ - گەرمیان

## تەوەرەکان.

یەکەم : ئامانج :

ا – گرنگی یادەوەری تاوانی ئەنفال

ب- گرنگیدان بە شایەتحالە گرنگەکانی تاوانی جینۆساید

دووەم : دەرابازبوانی کۆمەڵکوژی ئەنفال

أ- گرتن و کۆکردنەوەو پۆلێنکردن .

ب- گوللەبارانکردن و کۆمەڵکوژی .

ت- چیرۆکی دەربازبوونیان ( فەرەج وەک نموانە)

سێهەم : یاسای ماف وئیمتیازی وەزارەتی کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوان

أ- گرنگی یاساکە

ب- کەم وکورتی یاساکە، هەموارکردنەوەو بێباکی .

چوارەم : راسپاردەکان .

پێنجەم : فریاد رەسەکان . یاریدەدەرانی دەربازبووان

شەشەم پاشکۆی وێنەکان .

## بەرایی

- ئەم بابەتەی بەردەستت باسێکی زانستی نیە بەڵکو هەوڵێکە بۆ زانینی قەوارەی تاوانی ئەنفال لەرێگەی ئەم دەربازبوانەوە کە وەک شـــایەتحاڵی زیندوو لێرەدا خراونەتە روو، بەڵام بێ ماف وبێ ئەرک پەراوێزخراون، ئەم هەوڵە دەرخستنی بێمافی ئەو شـــایەتحاڵە گرنگانەیە، لە یاســـای ماف و ئیمتیازاتی وەزارەتی کاروباری شـــەهیداندا، هەروەها بێباکی کۆمەڵگەی کوردیش لە ئاســـتیاندا . کە لەیەکەمین رۆژی کۆنفرانسی ئەنفال وجینۆساید، لەلایەن دەزگای لێکۆڵینەوە بۆ جینۆسایدو ئەنفال لە شاری کەلار بەرێوە چوو. پێشکەشم کرد.
- هەنـدێـک حـالەت تەنهـا لەرێگەی وێنەوە رونم کردوونەتەوەو کە لەرێگەی داتاشۆوە پیشانم داون وقسەم لەبارەوە کردوون .
- لە دەســـتپێکی خوێندنەوەو پیشـــاندانی باســـەکەمدا، دانم پێداناو وتم: من هەوڵمنەداوە باسێکی زانستیتان پێشکەش بکەم، هێندەی هەوڵمداوە کەمتەرخەمی دەربارەی ئەم شـایەتحاڵانە بخەمەڕوو، خســتنەڕوی بێ مافی ئەو شـایەتحاڵە گرنگەکانە، هەوڵێکە بۆ گەراندنەوەی شکۆی ئینسانە پەراوێز خراوەکان.

بەداخەوە کە خەڵکانێک ئێســـتا لە حکومەت و پەرلەماندا پلەو پۆســـتیان هەیە، لەبری ئەوەی بێن بینای ئەم داوا رەوایە بۆ ئەم دەربازبوانە بکەن و کێشـــەکانیان چارەســـەر بکەن، کەوتبوونە قســـەی بێینەما بۆ بێ بەهاکاردنی هەولەکەی من و بێبەهاکردنی مافە رەواکانی ئەم دەربازبوانە، بەوەی گوایە من لە کۆنفرانسەکەدا باسەکەم نازانستی بووە ! بۆیە لێرەدا داوایان لیدەکەم کە بەرێزیان بفەرموون، بەزانســتی هەمان داوا ئاراســتەی حکومەت و پەرلەمان بکەن ومافی دەربازبوان مســـۆگەر بکەن وئەرکی خۆیان جێبەجێ بکەن.

## ئامانجی ئەم باسە:

**أ- یادەوەرری: (ئەوانەی مێژوو لە بیر دەکەن، ئامادەن مێژوو دووبارە بکەنەوە. واتە مێژوو ئەگەر لە یاد نەکرێت دووبارە نابێتەوە.) جۆرج سانتیانا.**

**یادەوەری هیچ بەهایەکی نابێت، گەر ئامانج لێی بنیاتنانەوەی گروپە جینۆســـایدکراوەکە نەبێت و تیایدا دادپەروەری نەبێتە داوای ســەرەکی کۆمەڵایەتی و دەســتەبەرکردنی ماف و کەرامەتی هاوڵاتی و مسۆگەرکردنی سەلامەتی و دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراسی، کە شایانی ژیان بێت. کورد نزیکەی ســـەد جار جینۆســـاید کراوە. کە گەورەترینیان تاوانی ئەنفال بوو، ئەنفال کۆی رەگەزەکانی تاوانی جینۆســـایدی لە خۆگرتووە، لە دوای ئەویش تاوانی شـــەنگال و جینۆســـایدی کوردانی ئێزدی بوو، مێژوو ســـەلماندوویەتی تەنها کوردی ئێزیدی هەفتاو چوارجاران جینۆســـاید کراون. بەداخەوە، ئەم نەتەوەیە گرنگی بە مێژوی خۆی نەداوە بۆیە**

**هەتا ئێســتاش یادەوەریمان هەتا ئاســتی لە بیرچوونەوە لاوازە بۆیە جینۆســایدەکان لە دژی دووبارە دەبنەوە** ! ئامانج لەم باسە وردبوونەوەو هەڵوێست وەرگرتنە بۆ دوبارە نەبوونەوەی تاوانەکانی هاوشێوەی ئەنفال و شەنگال .

ب- **پابەندی ئەخلاقی و مافی ئەوان:** لەم بەدواداچونەدا تەنها پابەندی ئەخلاقی بەس نیە، بەڵکو گرنگیدان بە دەربازبوانی کۆمەڵکوژی ئەنفال و گەڕان بەدوای دادپەروەری و مسۆگەرگردنی سەلامەتی نەتەوەیەکی جینۆسایدکراو لەسەرئاستی ناوەوەو دەرەوە پێویســتە، کە لە ڕێگەی ناســاندن و ڕێزگرتنیانەوە گرنگی بە ژیانی تایبەتیان بدرێت، چونکە بەبێ وەرگرتنی ئەرک هەریەک لەم دەربازبوانە (وەک کەســـایەتی گرنگ) هیچ دەستکەوتێکی نابێت دڵنەوایی کردن نەبێت، بەڵام ئایا ئەوەندە بەسە یاخود ئامانجەکە گرنگترە لەوەی بەسۆزەوە مامەڵەیان لە گەڵدا بکرێت، کەدەڵێن گرنگی بەم دەربازبوانە بدرێت مەبەســـتمانە گرنگی بەدۆســـێی جینۆســـاید بدرێت و لەناویاندا دەربازبوانی کۆمەڵکوژی ئەنفال بکرێنە نمونەی تاکی ڕێزلێگیراوی ناو کۆمەڵگایەکی نوێ، واتا کۆمەلگای دوای ئەنفال، کۆمەڵگایەک داماڵراوبێت لە بەعســـیزم و بەســـوک تەماشـــا کردنی هاوڵاتی، بۆیە دۆکۆمینتکردن وبەنیشتمانی کردنی یادەوەرییەکانیان، لەبنەرەتدا بۆ دروستکردنی دادپەروەری و نیشتمانێکی ئازادە، بەدور لەو فاشیەتەی چیرۆکی ئەم هاوڵاتیانەیان کردووەتە ئەمری واقع . بەلای کەمەوە لە هەنگاوی یەکەمدا هەتا لە ژیاندامـاون هەریەکەیان فیلمێکی دۆکۆمێنتاریان بۆ دروســـت بکرێت. فیلمێک کە لەتوانایدا هەبێت وێنەی رابوردو بگرێت ونەخشـــەی ژیانێکی نوێ بکاتە ڕێپیشـــاندەری هەمووان .

## پێشەکی

لێرەدا کورتەیەک دەربارەی پەلامارە سەربازیەکانی ئەنفال و دەرئەنجامە ترسناکەکانی بەتایبەتیش ئەوناوچانەی دەربازبوانی گۆری بەکۆمەڵی لێگیراون، خراوەتە ڕوو، نەک کۆی پرۆسە سەربازییەکەی ئەنفال .

کارمەندانی میدل ئێست وۆچ و ڕێکخراوی هیومان رایتس وۆچ ئەوەیان ساخ کردووەتەوە کەوا (پرۆسەی ئەنفال لە نێوان سالآنی (١٩٨٧-١٩٨٨) کوشتنی بەکۆمەڵ و بێسەروشوێنکردنی دەیان هەزار خەڵکی بێچەک بوو، کە ژمارەی زۆریان لەوانە گەنجەکان بەپلەی یەکەم وژن ومنداڵ بەپلەی دووهەم بووەو بەزۆریش خەڵکی گەرمیان بوون) . ئەم دەربازبوانەی لێرەدا باس دەکرێن بۆچونەکەی میدڵ ئێست وۆچ، پشتراست دەکەنەوە، کەوا جگەلە ئەنوەر محەمەدرەزا (ئەنوەر تەیار) کە پێشمەرگە بووە، لە کۆی حەوت کەسی گوندەکانی گەرمیان کە لەکۆمەڵکوژیەکە دەربازبوون، پێنج کەسیان خەڵکی مەدەنی و بێچەک بوون و یەکێکیشیان منداڵێکی دوازدە سالآن بوو .

بێگومان ئەنفال تەنها گوندی نەروخاندو کۆمەڵکوژی نەخستەوە بەڵکو، کێشەی سیاسی وکۆمەلآیەتی وسەدان هەزار چیرۆکی تراژیدی خستووەتەوە . لەمیانیدا جینۆسایدی ئابوری وکلتوری و ئیکۆساید. ئەنجامدراو شیرازەی کۆمەڵگەی کوردی شێواندو گوندی لە کوردستان نەهێشت و شارەکانی کرد بەگوند.

**پەلامارە سەربازیەکانی ئەنفال لە ٢٢ی شوباتی ساڵی ١٩٨٨ دەستیان پێکردو لە ٦ی ئەیلولی هەمان سالّدا کۆتاییان هات، بەلآم کۆمەڵکوژی و لە ناوبردن هەر بەردەوام بوون، پرۆسەکانی ئەنفال لە میانەی هەشت قۆناغدا گشتگیرو سەراسەری بوون و کۆی ناوچەکانی کوردستانیان گرتەوە، بەلآم دەربازبوانی کۆمەڵکوژی ئەنفال خەڵکی، دوو ناوچەی جیاوازن، گەرمیان و بادینان هەردوو گروپەکە نیشاندەری شێوازی کوشتنی دەستەجەمعی گەنجانی کوردن، بەلآم دەربازبوانی گەرمیان رونتر تەمومژی کۆمەڵکوژییەکە لادەبەن، چونکە لە شوێنی جیاواز دەربازبوون و قوربانی جیاوازو دەستەی چەکداری جیاوازیان بینیوە.**

**قۆناغی یەکەم :** لە ٢٢ی شوباتی ساڵی ١٩٨٨ بۆسەر ناوچەی دۆڵی جافایەتی و شار باژێرو ناوچەی مەرگە، هەتا ١٨ی ئازار درێژەی کێشا. لەم قۆناغەدا ژمارەی قوربانیەکانی ٤٥٢ کەسە لەوانە تەنها لەگوندی سێدەر ٨٧ کەس و لە هەلەدن ٧٢ کەس ئەنفالکراون . بەلآم نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت بەهۆی نەشارەزایی وبێباکی و بەد حاڵی بوونی بەرپرس وکارمەندانی حکومەتەوە، زۆر لە قوربانیەکانی ئەنفال بە شەهیدی

سەنگەرو هەندێکیشیان بە شەهیدی هاوڵاتی و ژمارەیەکیشیان هەر تۆمارنەکراون بەهۆی نەمانی وارسی یاساییەوە . بۆنمونە لە گوندی هەڵەدن خانەوادەی ئیسماعیل گورون، کە خۆی شەهید بووەو ژن ومنداڵەکانیشی ئەنفالکراون هیچ وارسێکی یاسایی لە ژیاندا نەماوە، ئەمە جگەلەوەی ژمارەیەکی زۆریان لە بەفردا رەقبونەوە دیارترینیان ئەو کەسانە بوون کە لەچیای بەفرگرتووی کورکور لە نزیک گوندی کانی تووکەوتنە ژێربەفرو لەناو بەفردا مردن.[1]

**قۆناغی دووەم** : ٢٣ی ئازار بۆسەر گوندەکانی ناوچەی قەرەداغ هەتا کۆتایی مانگی ئازارو سەرەتای مانگی نیسان درێژەی کێشا. ئەگەرچی خەڵکی قەرەداغ لەچاو گەرمیان سەریان سەلامەتتر بوو، بەتایبەتی ئەوانەی رووەو سلێمانی رۆیشتن ، بەڵام ئەوانەی بە دیوی گەرمیاندا ڕۆیشتن هەمان چارەنوسی گەرمیانیەکانیان هەبوو، کەمینەیەکیان نەبێت کە لە نوگرە سەلمان گەرانەوە ئەوانی تر جارێکی تر نەبینرانەوە .

**قۆناغی سێهەم** : لە ٧ی ئازار بۆ تەواوی ناچەکانی گەرمیان، کە جێگەی مەبەستی باسەکەمانە .هەتا ٢٠ی نیسان درێژەی کێشا.. بەپێی ئامارە نافەرمییەکان ژمارەی قوربانیەکانی ئەنفال لەگەرمیاندا ٢٥٠٠٠ بیست وپێنج هەزار کەسە بەژن ومندالەوە . بەڵام نابێت ئەوە لەبیر بکەین کە ئامارکردنیش لەگەرمیان ئاسان نیە لەبەرئەوەی هەندێک خانەوادە هەن کەسیان لەئەنفال دەرنەچووە و لەوەش مەترسیدار گوند هەیە تەنها دوو کەسی لێ دەرباز بووە بۆنمونە گوندی گۆمەزەرد تەنها دووکەس رزگار بوون ئەوانیش یادەوەرییان باش نیە.

**قۆناغی چوارەم** : ئیوارەی ٣ی ئایار بە گازبارانی هەردوو گوندی گۆپتەپەو عەسکەر رۆژی دوایش هێرشی پیادە بۆ ناوچەی کۆیەو قەلاسێوکەو بناری خاڵخاڵان و شوان و شێخ بزێنی هەتا ناوچەی دێگەڵە. لە ١٩ ئایار کۆتایی هات . نمونە: گوندی عەسکەر ١٨٨ کەس وگوندی گۆپتەپە ٤٥٠ کەس و گوندی جەلەمۆرد ٤٧١ و گوندی کلیسە ١٣٦ کەسیان ئەنفالکراوەو لەم گوندانە خاڵی بەرچاوی وێرانکاری بریتین لەم دیاردانە:

١- لە گۆپتەپە ٢٤ ماڵ هیچ کەسێکیان دەرباز نەبووە. ٢. لە جەلەمۆرد هیچ گەنجێک نابینی ؟! ئەوەی هەیە پیرمێردو پیرەژنن !!

٣-. تراژیدی ترین چیرۆک لە ئەنفالی چواردا فرێدانە خوارەوەی سێ کەس بوو کە رۆژی ١٨ی ئابی ١٩٨٨ لە بەرزاییەکی زۆر بەرزەوە لەسەر ئامرییەی شاری کۆیە بەناوەکانی عەبدولای خەرابەیی و کانەبی ڕەزا عەبدولاو حمد رەزا عەبدولا" کە هەردوکیان برای یەکترن‌و خەڵکی گوندی شەوگێڕن دەستگیرکراون‌و دەمەو عەسری هەمان رۆژ لە ئاسمانی فەرماندەیی ئامریەی یەکی کۆیە، بەپێشچاوی خەڵکو جاشەکانەوە فریدراونەتە خوارەوەو دواتر هەرلەو نزیکانە تەرمەکانیان شاردبوونەوە تا

[1] بروانە تراژیدیای بەفروئەنفالی مەرگە – محمود عومەر حەمە -٢٠١١

ساڵی ١٩٩١ کەبەعس راوەدونرا بە هۆی شوانێکەوە تەرمەکانیان لەنزیک سەربازگەی هەرمۆتە هەرلەناو ئامریەدا دۆزرایەوەو هەڵدرانەوەو سەرلەنوێ هەریەکەیان بە داب‌و نەریتی ئاینی‌و کۆمەڵایەتی خۆیان لە گوندەکانی خۆیاندا بەخاک سپێردرانەوە.
**قۆناغی پێنجەم :** ناوچەی بێستانەو سماقوڵی هەتا شەقڵاوە . لە ٢٢ی ئایار
**قۆناغی شەشەم و حەوتەم:** لە ١٧ ئایار ناوچەی رۆژهەڵاتی بێتواتەو هیران و نازەنین هەتا بالیسان و دۆڵی ئالانەی گرتەوە. هەروەها دۆڵی مەلەکان و خەلیفان و بلەو بارزان و چیای کۆڕەک، لەو دیویشەوە رەواندزو دۆڵی ئاکۆیان و چیاو دۆڵەکانی بناری قەندیل و وەرتێ وکورتەک و گوندەکانی ئەو بنارەی گرتەوە . لەم ناوچەیەش خەڵکێکی زۆری بلەو بارزان و دۆڵی مەلەکان ئەنفالکران .
**قۆناغی هەشتەم:** ٢٥ی ئاب بە بۆردومانی چەکی کیمیایی بۆ ناوچەی بادینان بوو . هەتا ٦ی ئەیلول درێژەی کێشا.
فەیلەقی پێنج راپۆرتێکی تێروتەسەلی دەربارەی ئەنفالی بادینان نوسیوە، لیوا رکن یونس محمد ئەلزەرب فەرماندەی فەیلەقی پێنج کە ئەنفالی هەشتی ناوچەی بادینانی ئەنجامدا لە راپۆرتەکەیاندا، هەڵسەنگاندنی بۆ ئەنفالی کۆتایی لە ناوچەی بادینان کردووەو پۆلینکاری تەواوی کردووەو تیایدا هاتووە: ئەو تێکدەرانەی خۆیان بە دەستەوە داوە (٨٠٣) ئەو تێکدەرانەی کەوا گیراون ( ٧٧١) پیاوەکان (١٤٨٩) ئافرەتەکان(٣٣٦٨ ) مندالەکان(٦٤٦٩) کۆی گشتی(١٣٩٣٥) بەڵام ئەوەی لەراپۆرتەکەدا باسی نەکراوە کۆمەڵکوژی گوندی کورێمێ و گوندی مێرگەتووە !
**پرۆسە سەربازییەکان کە سوپای عێراق وهێزەکانی ئاسایش ومیلیشیای جاش پێی هەستان، ئەرکی شەرکردن و شکاندنی پێشمەرگەو کۆکردنەوەی گوندنشینەکانیان لە ئەستۆ بوو. بەڵام پۆلێنکردن و لەکۆڵکردنەوەیان لە دەست ئاسایش و هەواڵگری و رێکخستنی باکوری حزبی بەعسدا بوو بە سەرپەرشتی عەلی حەسەن مەجید .**

### دەربازبوانی کۆمەڵکوژی ئەنفال

دەربازبوانی کۆمەڵکوژی ئەنفال ، کێن ؟ بە کێ دەوترێت دەربازبوانی کۆمەڵکوژی ئەنفال ئەوەی لەم باسەدا مەبەستە تەنها ئەوکەسانەن کە لەژێر تەرم وخوێن و گۆڕی بەکۆمەڵ و کۆمەڵکوژیەکاندا دەربازبوون، ئەوەی هەتا ئێستا پێزانراون بریتین لە سیازدە پیاوو منداڵێکی دوازدە ساڵان (مەبەست تەمەنی ئەوسایەتی)، کە هەریەکەیان چیرۆکی تایبەتی خۆیان هەیە. لەگەڵ گریمانەی ژنێک کە پێدەچێت ئەویش دەربازبووی کۆمەڵکوژییەکی تری ناوچەی مەهاری پارێزگای دیوانیە بێت. بەڵام بەگشتی باسەکەمان دەربارەی ١٤کەسی دەربازبوون . کە ٧ کەسیان خەڵکی گوندەکانی گەرمیانن و یەک کەسیان خەڵکی شاری سلێمانی و شەش کەسەکەی تریش خەڵکی گوندی کورێمێ و چەلکێی ئیسلام و گوندی مێرگەتین لە ناوچەی بادینان. کە بەم شیوەیە پۆلێنیان دەکەین :

**یەکەم دەربازبوانی گەرمیان :**

دربازبوانی دەڤەری گەرمیان کە لەقۆناغی ســـێهەمی ئەنفالد گیراون بریتین لە حەوت کەس، لەناویاندا چوار کەســـیان خەڵکی گوندەکانی ناحێی قادرکەرەمن کە دواتر ناویان دێنین، ئەوان پێنج کەســـیان لە کۆمەڵکوژییەکی بیابانی رومادی رزگاریان بووەو دوانەکەی تریش خەڵکی گوندەکانی ناحێی ســەرقەلاو تیلەکۆی ســەر بەقەزای کفرین . ئەوانەی گوندەکانی قادر کەرەم بریتی بوون لە :

0-

1- "عوزێر" عەزیز وەهاب خەڵکی گوندی قەرەحەســـەنە و لە گوندی (خدر رێحان) نیشتەجێ بووەو هەرلەوێش گیراوەو ئەنفالکراوە.

2- واحید عەبدول حەمەســـەعید – خەڵکی گوندی کانی قادری ناحێی قادرکەرەم، ئەو نەگیراوەو خۆی رادەستی جاش کردووە.

3- رەمەزان علی سـەعید خەڵکی گوندی جافان لە گوندی خدر رێحان نیشتەجێ بووەو نە گیراوەو ئەویش هەر لە قادرکەرەم خۆی رادەستی بنکەی پۆلیسی قادرکرەم کردووەو دواتر ئەنفالکراوە.

4- ئەنوەر محەمەد ڕەزا ناســراو بە(ئەنوەر تەیار) خەڵکی گوندی چەمســورخاوی ناحێی قادرکەرەم .

ئەم چوارکەســە لە تۆپزاواوە هاوســەفەربوون و هەموویان لە پاسـێکدا بوون و پێکەوە براون بۆ شـــوێنی کۆمەڵکوژییەکە لە بیابانەکانی ڕومادی، کاتێک زانییان ئەوێ دوا شـــوێنی ژیانیانە بەرگرییان لە خۆیان کرد، هەرچەندە هەموویان دەرباز نەبوون، بەڵام بێ ئەنجامیش نەبوو، بەڵکو دوای ئەوەی بەرەنگارییان کردو هەر لەناو پاســەکەدا گوللەباران کران، ئەم چوارکەســە، دەربـازبوون بەبێئەوەی بەیەکتری بزانن، واتـا هەریەکەیـان بەجۆرێـک خۆیـان لە شـــوێنی کۆمەڵکوژییەکە دورخستووەتەوە.

5- فەرەج محمەد عەزیز ناســـراوە (بەفەرەجی تۆپخانە) ئەویش هەر لەوکاروانە دابووە، بەڵام لە پاسێکی ترو لە شوێنێکی تری بیابانەکانی ڕومادی کە پێشبینی دەکرێت ٥ کم لەخوارووی ئەم کۆمەڵکوژییەوە بێت .. ئەویش بەخـت یـاوەری بوو، هەمـان شـــەو لەچاڵی مەرگ خۆی دزییەوەو رزگاری بوو.

6- محەمەد عەلی ئەحمەد ناسراو بەحمەعەلی عالیان . خەڵکی گوندی عالیانی سەربەناحێی تیلەکۆ، دەربازبووی کۆمەڵکوژی بیابانێکی پارێزگای موســـڵ – پێدەچێت ناوچەی حەزەربێت کە چەند گۆڕێکی بەکۆمەڵی تێدا دۆزرایەوە .

7- تەیمور عەبـدوڵا- خەڵکی گونـدی کوڵەجۆی حـاجی حەمەجـان – نـاحێی تیلەکۆ تـاقە دەربازبووی پێزانراوی (ناوژن ومنداڵ) لەبیابانی پارێزگای سەماوە .

**دووەم : دەرباز بوانی بادینان:**

دربازبوونی ئەنفالی ناوچەی بادینان بریتین : لەحەوت کەس لەوانە ٣ کەســی گوندی کورێمێ کە بریتین لە:

0-

1- عەبدلقهار خەلیل.

2- ئەبابکر عەلی سەعید.
3- عەبدلکریم نایف حەسەن.
دووکەسی خەڵکی گوندی (چەلکێی ئیسلام)ن کە برای یەکتر بوون، بە ناوکانی
4- صدقی عەبدلقادرفتاح
5- فتاح عەبدلقادرفتاح
6- یەک کەسی خەڵکی شاری سلێمانی بەناوی (هاشم محەمەد رەشید) .
7- بەنگین مستەفا عەندولقادر خەڵکی گوندی مێرگەتی بناری چیای گارا.

شـەش کەسـیان جگە لە بەنگین مسـتەفا لە کۆمەڵکوژییەک رزگاریان بوو کە ٣٣ پیاوبوون دوای جیاکردنەوەیان لە ژن ومنداڵ هەر لەگوندەکەی خۆیاند (کوریمێ) گوللەباران کران . بەڵام بەنگین لەکۆمەکوژییەکەی گونـدی مێرگەتووی بنـاری چیـای گـارا دەربـازی بووەو دواتر بێسەروشوێنکرایەوە .**(لە درێژەدا پرۆفایلی هەریەکێکیان دەخوێنیتەوە)**

**سێهەم : گریمانە**



چیرۆکی (ڕەحمە خـدرعەلی) پێمـان دەڵێت: هێشـــتا زووە بریـار لەســـەر دوا ژمـارەی دەربـازبـونـی کـۆمەڵـکوژی ئەنفال بـدەین، چونکە ئەگەری دۆزینەوەی کەســـــانی تـر پێشبینی کراوەو دەشێت دورو مەحاڵ نەبێت.

دۆزیـــنەوەی رەحـــمە، لە گوندێکی پارێزگای نەجەف لە ساڵی ٢٠٠٨ وە جێگەی پرسیارە! کە بۆچی وای لە پەرلەمان و وەزارەتی کاروباری شەهیدان نەکردووە، لە هەمـوارکردنەوەدا برگەیەک لە یاسـای ماف و ئیمتیازی کەسـوکاری شـەهیدان و ئەنفالکراواندا زیـاد بکەن؟ داخۆ چۆن بە دوای ونبوانـدا دەگەرێن و کـاتێک ئەم کەســـانە دۆزرانەوە چۆن مـامەڵەیـان لەتەکدا دەکەن ؟ هەفتەنـامەی میـدیـا ژمـارە (٢٦٥) ڕێکەوتی ٢٠٠٦/١١/١٤ چیرۆکی ئەم ژنەی بڵاوکردووەتەوە بەناوی (دایکی عیســـــا)، کە خەڵکی گوندی (صـــادقان)ی ســـربە پارێزگای هەولێرە، میدیا لەســـەر زاری ئەحمەد عەبدوڵای بەرێوەبەری نوسینگەی کوردستانی کۆمەڵەی هیوا وا بڵاوی کردوەتەوە کە ژنەکە باری دەرونی تەواو نیەو ئامادە نیە بێتەوە بۆ هەولێر، چونکە ئەو هێشتا بڕوای نەکردووە سەدام و بەعس لە دەسەلاتدا نەماون ! بەڵام دوای ئەوەی بڕوای پێدەهێنن کە سـەدام نەماوەو مام جەلال ئێسـتا سـەرۆکی عێراقە، ئینجا قایل دەبێ و ئامادەیە بێتەوە بۆکوردسـتان، بەپێی ئەو چیرۆکەی کە هەفتەنامەی

میدیا بڵاوی کردووەتەوەو ژمارەی دواتریشـــی لێکۆڵیارو چالاکی بواری جینۆســـاید خاتوو (عەدالەت عومەر ســـاڵح) قســـەی لەبارەوە دەکات، دەبێت ئەو ژنە لە گۆری بەکۆمەڵی مەهاری رزگاری بووبێ، رەحمە بۆیە دەڵێت: (ناچمەوە بۆ هەولێر چونکە هەموو خزم وکەسـوکارەکەی لە (مهارب) بەپێشـــچاوی خۆیەوە کوژران وکەســـم نەماوە). بەڵام بەرێوەبەری نوســـینگەی کوردســـتانی کۆمەڵەی هیوای عێراقی کە لەبەر رۆشـــنایی راپۆرتی (نەغم کازم حەمودی) بۆ میدیا دواوە بڕوا بە چیرۆکەکەی ناکات و پێوایە هیچ شـــوێنێک نیە بەوناوەوە ! لەکاتێکدا کۆمەڵکوژی گەورە لەناوچەی مەهاری پارێزگای دیوانیەدا کراوەو ساڵی ٢٠١٣ لە مەراسیمێکدا ٧٣٠ تەرمی ئەو کۆمەڵکوژیە لە بانی مەقان ئەسپەردەی خاک کرانەوە ! کە لەمەهاری پارێزگای دیوانیە کوژرابوون و تەرمەکانیـان هەڵدرانەوەو هێندرانەوە بۆ بـانی مەقـان، تەنیا تەمومژ لەســـەر پاریزگاکانە (نەجەف وســـەماوەو دیوانیە ) چونکە کۆمەڵکوژی مەهاری لە پارێزگای دیوانیە بووە نەک لە ســـەماوە یان لە نەجەف ! لەدیدارەکەیدا خاتوو عەدالەت عومەر تیشـــکی زۆر دەخاتە ســـەرکەمتەرخەمی حکومەت ولایەنە پەیوەندیدارەکان، ئەوەی لە هەوڵدا بووە ئەم خۆی بووە وەک چالاکوانێک، بەڵام بەهۆی گەشـــت وســـــەرقاڵیەکانی (وەزیر)ەوە هێنانەوەی دواخراوە، ســـەئەنجام کە هێنایانەوە بۆکوردســـتان بەهەر هۆیەکەوە بێت کەســـوکارەکەی چیرۆکێکی تریان خستە روو، (گوایە ئەم ژنە لەراپەرینی ساڵی ١٩٩١ )دا ون بووە ! بەڵام ئەمە هەرگیز رێی تێناچیت و چیرۆکێکی راست نیە، چونکە ئەم ژنە ساڵی ١٩٩٠ شوانێکی عەرەب لە بیابانەکاندا بەرچاوی کەوتووەو هێناویەتی بۆ گوندی (گایم). [2]

---

[2] بروانە هەفتەنامەی میدیا ژمارە ٢٦٥ ل ١ هەروەها ل ٣ هەمان ژمارە دیدار لەگەڵ عەدالەت عومەر

## یاسای ماف و ئیمتیازی کەسوکاری ئەنفالکراوان


## یاسای ماف و ئیمتیازی کەسوکاری ئەنفالکراوان


## یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٠٦

بەرلەوەی بچمە ســـەر باســـی یاســـاکە بەپێویســـتی دەزانم ئەوە بخەمەڕوو کەوا پرۆژەو پێشـــنیارەکان بۆ دەربازبووانی کۆمەڵکوژی ئەنفال، زیاتر لە چوارجار بەفەرمی خراوەتە بەردەســـتی وەزیری کاروباری شـــەهیدان وئەنفالکراوان، لە کۆنگرەی ســـێهەمی گۆرە بەکۆمەڵەکان تویژینیەوەیەکی تری هاوشـــێوەی ئەم تویژینەوەیە، بەڵام کەمێک درێژتر بە ئامادەبوونی چوارکەس لە دەربازبووەکان و وەزیری کاروباری شـەهیدان و بەرپرســانی ئەو وەزارەتەو بەرپرســـانی حکومەتی هەرێم و ئەندامانی پەرلەمانی کوردســـتان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پێشـــکەش کردووە، ڕاســـپاردەکانی ئەم تویژینەوەیان وەک پرۆژە بۆ ڕێزلێنانی ئەو دەربازبوانە، بەگرنگ زانیوەو کە خســـتوومەتەڕوو! کەچی نەهیچ بەرپرســـێکی حکومەت و نە وەزیری کاروباری شـــەهیدان و ئەنفالکراوان و نەپەرلەمانی کوردســـتان هەڵوەســـتەیەکیان لەبارەیەوە نەکردووەو هەتا ئێســـتا ئەو دەربازبوانە هەر چاوەڕوانی دەمی حکومەت و پەرلەمان و ڕێکخراوەکانی تایبەت بە بواری ئەنفال وجینۆســـایدن ! تەنانەت لە کۆنگرەی سێهەمی گۆرەبەکۆمەڵەکاندا قایمقایمی هەڵەبجە بەشداربوو، لەوێ پێشنیاری ئەوەم بۆ کردو داوام لێکرد کە ئەم دەربازبوانە جارێک وەک میوانی تایبەت و سـیمبولی بانگهێشـتی هەڵەبجە بکات، بەپێشـــچاوی خۆیانەوە ڕەزامەندی دەربری و داوای لێکردم کە ئەو چاکەیەی لەگەڵدا بکەم و بیانهێنم بۆ هەڵەبجە، کەچی لە ١٦ی ئازاری ســاڵی ٢٠١٢ دا دەربازبووەکان کە ئەوســـا هەریەک لە (فەرەج محەمەد) و(واحیدعەبدول)یش بەســـەردان هاتبوونەوەو لێرەبوون خۆیان داوایانکرد، بچن بۆ هەڵەبجە منیش داواکەیانم بە قایمقایم و ســـەرۆکی شـــارەوانی و جێگری سەرۆکی شارەوانی ڕاگەیاندو وتم کارێکی باش دەبێت لە یادەکەدا شوێنێکی تایبەتیان بۆ دابین بکەن و لەبەر چاوان بن، کەچی هەرئەو جارە بوو ئێســـتاشـــی لەگەڵدا بێت وەڵامی تەلەفۆنیان نەدامەوە !

ئەم یاسایە سالّی ٢٠٠٧ لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەند کراوە و لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان واژۆکراوەو رۆژی ٢١/١/٢٠٠٧ لە رۆژنامەی وەقاقیعی کوردستان بلاوکراوەتەوە .

یاسای ژمارە (٩)ی سالّی سالّی ٢٠٠٧ لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەند کراوە و لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان واژۆکراوەو رۆژی ٢١/١/٢٠٠٧ لە رۆژنامەی وەقاقیعی کوردستان بلاوکراوەتەوە .

٢٠٠٧ لە (١٦) مادە و چەندین برگە پێکهاتووە . سەرباری ئەوەی یاساکە سێ جار هەموار کراوەتەوە، کە دواین هەمووارکردنەوەی لە ٦ی ئایاری سالّی ٢٠١٣ دا بوو. بەلاّم هێشتا کەمووکورپی زۆری تێدایە، زەقترین کەموو کورِی یاساکە لەبەرچاو نەگرتنی مافی دەربازبوانی گۆرِی بەکۆمەلّە .

یاسای ماف وئیمتیازی کەسوکاری شەهیدان وئەنفالکراوان سەرباری کۆمەلێک دەستکەوتی باش وگرنگ بۆ کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان، هەر لەپیدانی موچەو زەوییەوە هەتا بەدابینکردنی دیاری وسولفەی هاوسەرگیری و پارەی خوێندن، لە کەموکورِیش بەدەر نییە، پێشتر لەپەراوێزی هەموارکردنەوەو چاککردنی یاساکەدا دەربارەی دەربازبوانی کۆمەلّکوژی ئەنفال وتاقانەکانی ئەنفال، چەند خالّێکم نوسیوەو جگەلە بلاّوکردنەوەیان، ئارستەی نوسینگەی وەزیری کاروباری شەهیدان و سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانم کردوون. کە هەلّێنجراوی راسپاردەی توێژینەوەیەکی من بوو دەربارەی ئەو مرۆڤە مەینەتبارانەی ئەنفال زەرەری گیانی ومالّی ودەرونی پێگەیاندوون .

یەکێک لە زەقترین کەموکورِییەکانی یاساکە نەبوونی ماف وئیمتیازە بۆ دوو حالّەت، کە دۆسێ و خەمەکانیان تارادەیەکی زۆر لەهی هەموو ئەنفالکراوان جیاوازترە کە بریتین لە :

**یەکەم** : دەربازبوانی کۆمەلّکوژی ئەنفال، هەلبەت مەبەست لەو دەرابازبوانە گشتگیرنییە بۆ هەموو ئەو کەسانەی ئەنفالکراون ودواتر ئازاد بوون یان دالّدەدراون بەلّکو مەبەست لەکەمینەیەکی زۆرکەمە وژمارەیان تەنها (١٤) کەس بوون، بەداخەوە ئێستا تەنها ١٠ کەسیان لەژیاندا ماون. بێگومان لەناو ئەوانیشدا حالەتەکان جیاوازن، چ لەرِوی تەمەن وباری خێزان و جگرافیای رواداو باری کۆمەلایەتیانەوە، چ لە روی ژیان و بژێوییانەوە لێرەدا هەندێک بەراوردکاری ساکار وەک نمونەبەپێویست دەزانم .

١ تەیمور هەم دەربازبووی گۆرِی بەکۆمەلّەوهەم تاقە دەربازبووی خانەوادەکەیەتی لە تاوانی ئەنفالدا.

٢ بەلاّم خۆشبەختانە رەمەزان و عوزیرو هاشم، هیچ کەسێک لە خانەوادەکەیان ئەنفال نەکراون.

٣- تەیمور تاقە دەربازبووی ناوژن و مندالّەکانە لەکۆمەلّکوژی ئەنفالدا، بەلاّم هەموو ئەوانەی تر کە لەکۆمەلّکوژی ڕاستەوخۆدەربازبوون لە ناو کۆمەلّکوژی گەنجەکانن.

٤- ئەوانەی لە کورێمێ رزگاریان بوو هیچیان نەبراون بۆبیابان . کۆمەلّکوژی کورێمێش تایبەتمەندی خۆی هەیە، سدقی و فەتاح برای یەکن و کوری خانەوادەیەکن، هەردوکیان لە کۆمەلّکوژیەکە رزگار بوون بەلاّم دواتر روداوی ترهاتنە پێشەوەو فەتاح دەستگیرکرایەوە.

٥- عەبدولقەهار خۆی دەرباز بوو بەڵام باوکی لەناو تەرمەکان بەجێما.
٦- واحید حەمەسەعید برایەکی بەناوی حەبیب ئەنفالکراو جارێکی ترنەبیینەوە .
٧- فرەج خۆی دەربازی بوو، بەڵام جگەلە ساڵحی ئامۆزای کە بەیەکەوە دەستیان بەسترایەوەو بەیەکەوە گوللە باران کران، پێنج برای تری لە گۆرە بەکۆمەڵەکاندا بەجێهێشت، سەرباری ئەم وردەکاریانەش هەموویان لە دۆسییەکدا کۆدبنەوەو دەشیت هەموویان یەک ئیمتیاز بیانگریتەوە.

**دووەم :** تاقانەکانی ئەنفال (کە تازە پرۆژە یاساکەیان پەسەندکراوەو لێرە جێگەی باسەکەمان نین) بۆیە دەربازابوان مافی خۆیانە لەهەموارکردنەوەی یاسای ماف وئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان وئەنفالکراواندا لە مادەکانیدا برگەیەک بۆ ماف وئیمتیازی ئەم توێژەش دیاری بکرێت لەبەرئەم هۆیانەی خوارەوە :

1. بۆئەوەی ئەوماوەیەی لەژیاندا ماویانە بەریزو شکۆوە بژین و هەموومان شانازی بەماف و ئیتیازەکانیانەوە بکەین پێی سەربەرزبین ، نەک شەرمەزاری بەردەم رۆژگارو میژوویبین وبە پەراوێزخستنیان عەیبداربین.
2. هەتا ئێستا لە یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوندا دەربازبوانی گۆڕی بەکۆمەڵ لە هیچ برگەیەکی مادەکانیدا جێگەیان دیارنیە بۆئەوەی چیدی یاساکە بەم کەموکوڕیانە عەیبدارنەمێنێتەوە.
3. بەدابینکردنی مافەکانیان شکۆیان بۆ دەگەڕێتەوەو هەم ئەوان وەک سومبلی تاوانی ئەنفال بە شەوقەوە خۆیان بەدنیای دەرەوە دەناسێنن و ئامادە دەبن بۆ گێڕانەوەی چیرۆکەکانیان، هەم حکومەت و کۆمەڵگای کوردستانیش خۆی لەبەردەم ئەرکێکی ئەخلاقی بڵندو شەرافەتمەندانەدا دەبینێتەوەو بەکردەوە بەرپەرچی رەفتاری بەعسیزم دەداتەوە.

## لە بیرۆکەوە بۆ پرۆژە

دوای ئەوەی لە کۆنگرەی سێهەمی گۆرە بەکۆمەڵەکانی عێراقدا رۆژی ١٨ی ئایاری ساڵی ٢٠١١ باسێکم دەربارەی ئەم دەربازبوانە پێشکەش کردو پیشوازییەکی گەرمی لێکرا، وەزیری کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوان، داوای کرد پێشنیارەکانمی پێبدەم بۆئەوەی کاریان بۆ بکات، من وام پێباش بوو راسپاردەکان دەوڵەمەندتر بکەم ولەبری پێشنیار وەک پرۆژەیەک پێشکەشی وەزارەتی بکەم، بۆ ئەم مەبەستە رۆژی ٢٠١١/٥/٢٦ یەکەمین کۆبوونەوەی ناوەندی چاک وسالنامەی ئەنفالستان بۆ ئەم مەبەستە بەسترا، بەداخەوە ئەوانیش بەکردەوە هاوکار نەبوون و ئەرکەکەیان خستەوە ئەستۆی من . دواتر بیرۆکەکە فروانتربوو بۆ ئاستی سەرۆکایەتی هەرێم وسەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان . ئیدی مانگێک دوای ئەم کۆنگرەیە ئەم بیرۆکەیە یاخود ئەم پرۆژەیە چوارجار پێشکەش کراون.

## پێشکەش کردنی پرۆژەکە

1. ڕێکەوتی ٢٠١١/١٢/١٧ بەبەرید نێردراوە بۆ وەزارەتی کاروباری شەهیدان .
2. ڕێکەوتی ٢٠١١/١١/٢٤ لەرێگەی پەرلەمانتار ڤیان عەبدالرحیمەوە ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە.
3. ڕێکەوتی ٢٠١٢/٤/١٧ بەدەستی دراوەتە کاک فەرەجی تۆپخانە کەموعیدی هەبووە لەگەڵ وەزیری شەهیدان .
4. دوای مانگێک بەهەمان بەرواروو ژمارەوە بەدەستی دراوە بەکاک خەبات عەبدوڵا راوێژکاری وەزیری شەهیدان .
5. ڕێکەوتی ٢٠١٣/٥/٧ دوای یەکتر بینین وگفتوگۆ جارێکی تر لەرێگەی پەرلەمانتار سالار محمودەوە رادەستی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوەتەوە .
پێشکەشکردنی هەمان پرۆژە بەزمانی عەرەبی بۆ پەرلەمانی عێراق لەسەرداوای پەرلەمانتارانی کورد لەبەغدا .

**پێشوازییەکی شایستە :**

ڕۆژی ٦ی ئایاری ساڵی ٢٠١٣ ی ساڵنامەی ئەنفالستان بەهاوکاری و سەنتەری مارگرێت پێشوازییەکی شایستە بۆ دەربازبوان ڕێکخرا، کە ١٢٠ کەسایەتی جیاواز لە سەر ئاستی حکومەت وپەرلەمان و پارت ورێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕێکخرا، پاشئەوەی توێژینەوەیەکم پێشکەشکرد هەندێک لەپەرلەمانتارانی فرکسیونی سەوزی نیگەران کرد، بەڵام نیگەرانیەکە بەخێر گەرایەوە چونکە دوای ئەوەی پەیوەندی تەلەفۆنیان لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان کردبوو، هەر ئەو ڕۆژە لەسەر داوای خۆیان سەرۆکی پەرلەمان داوای دیداریان لە دەربازبووەکان کرد.

**سەردانی پەرلەمان :**

ڕۆژی ٥/٧ دەربازبوان سەردانی سەرۆکی پەرلەمانیان کرد، بەداخەوە نکۆڵی کردلەوەی هیچ پرۆژەیەکی وەهای بۆ ڕێزگرتن لەو دەربازبوانە بەدەست گەیشتبێ، هەمان ڕۆژ جارێکی ترکۆپی پرۆژەکەمان لەرێگەی پارلەمانتار سالارمحمودەوە پێشکەشی سەرۆکی پەرلەمان کردەوە، هەرچەندە سەردانەکە لەماڵپەری فەرمی پەرلەمان بڵاوکرایەوە بەڵام دیسان بێ سود بوو.

## هێشتا بریاری ڕێزلێنانیان نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوە !

چوار ساڵ زیاترە من سەرقاڵی ئەو پرۆژەیەم سەرەتا ساڵنامەی ئەنفالستانو ناوەندی چاک پرۆژەی ڕێزلێنان لە (١٣) کەسی دەربازبووی گۆری بە کۆمەڵیان پێشکەش بەوەزارەتی کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوان و پەرلەمانی کوردستان کردووە.

پاشـئەوەی کە هەردوو دەربازبوو کاک فەرەج محەمەد وکاک عوزیر لە ولاتەیەکگرتووەکانەوە هاتنەوە بۆ کوردستان بیرۆکەی ئەوەم بەخەیاڵدا هات کە پێشوازییەکی هاوشیوەی ئەوەیان بۆ بکەین کە بەرێوبەرایەتی رۆشنبیری گەرمیان لەساڵی ٢٠١١ پێی هەستا، ئەوەبوو لەرۆژی ٥ی ئایاری ساڵی ٢٠١٣ سەنتەری مارگیرێت و گۆڤاری ئەنفالستان پێشـوازییەکی رێزلێنانیان بۆ دەربازبوان سـازکرد، بە ئامادە بوونی وەزیری کاروباری شـەهیدان و ئەنفالکراوان و١٢پەرلەمانتار لە فراکسیونە جیاوازەکان و کەسایەتی یەکەمی حزبەکان بەکۆی١٢٠کەسایەتی سیاسی و روناکبیرو رێکخراوەکانی تایبەت بە دۆسێی ئەنفال .
لە ژمارە(٨) ی گۆڤاری ئەنفالسـتان پرۆژەکەو کورتەیەک لە ژیانو چۆنێتی دەربازبوونیان خراوەتەروو.
لەژمارە (٩)ی هەمان گۆڤاردا جارێکی تر رەخنەی (**ناوەندی چاک**)و (**گۆڤاری ئەنفالسـتان**)، ئاراسـتەی وەزارەتی ناوبراوکراوە، چونکە پرۆژەیەکەیان خسـتبووە دەسـت کەسـانێکی ترو ناوەندی چاکو ئەنفالسـتانیان لێبەدەر کردبوو، دواتر لە سـۆنگەی رەخنەکەمانەوە نوسـینگەی وەزیری کاروباری شـەهیدانو ئەنفالکراوان، پەیوەندی کردو جارێکی تر لەسـەر پرۆژەکە دانیشتنکراو راستی دەرکەوت کە پرۆژەکە هی ناوەندی چاکو ساڵنامەی ئەنفالستانە نەک (هی کەسـانێکی تر) مامۆسـتا ئارام " بریاریدا لیژنەیەکی نوێ دەروسـت بکرێت، هەر ئەو رۆژە لیژنەکە پێکهات خاتوو عەدالەت عومەر کرایە سەرۆکی لیژنەو یاساناس نەجمەدین حمەسەعید نوێنەری وەزارەت بوو، منیش وەک نوێنەری ناوەندی چاکو سـالنامەی ئەنفالسـتان بوومە ئەندام لە لیژنەکەدا بەداخەوە سـەرباری ئەوەی لیژنەکە هەموو کارەکانی خۆی لە ماوەیەکی کورتدا جێبەجێکردو وێنەیەکی بۆناوەندی چاک هاتەوە .
لە رۆژی ٢٠١٢/١١/٢٤ لە کۆنفرانسـی سـێهەمی ناوەندی چاکدا کەهەم دەربازبووەکانوهەم وەزیری کاروباری شـەهیدان ئامادەی بوون، لە میانەی بەرنامەکانی کۆنفرانسـدا پرۆژەکەو نوسـراوەکەی وەزارەت بە واژۆی وەزیرەوە بە داتاشـۆ پیشـانی ئامادەبواندرا کە لەیادی بیسـتو پێنجەمین سـالیادی تاوانی ئەنفالدا پرۆژەی رێزلێنانی دەربازبوانی گۆری بەکۆمەڵ جێبەجێ دەکرێ، کەچی ئەفسـوس وەزارەت لەکاتی نزیکبوونەوەی یادی ئەنفالدا پێیان راگەیاندین پرۆژەکە جێبەجێ ناکات بێئەوەی هۆکارەکەی رونبکەنەوە
!! .

## **بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران :**

رۆژی ٨ی ئایار لە دیوانی ئەنجومەنی وەزیران بە ئامادە بوونی ٧ کەس لە دەربازبوانی گۆری بەکۆمەڵ چاومان جێگری سـەرۆکی حکومەت، بە ئامادەبوونی وەزیری کاروباری شـەهیدان و ئەنفالکراوان کەوت، ئەو خاڵانە خرانە بەردەسـت کە پێویسـتە بۆ ئەم دەربازبوانە بکرێت .

هەر ئەو رۆژە جێگری سـەرۆکی حکومەت بەزارەکی بەڵێنی جێبەجێکردنی زۆربەی داواکارییەکانی پێدان، بە بریارێکی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٦٠٤٩) لە رۆژی ٢٠١٣/٦/٢٤ دەرچووە کە ئاراسـتەی هەردوو وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی دارایی وئابوری کراوەو کە بری ٦٠٠٠٠٠ شـەش سـەد هەزار دینار بۆ هەریەکێکیان دیاریکراوە کە دەبوو لە رێکەوتی ٢٠١٣/٧/١ بە دوومانگ جارێک بۆیان

خەرج بکرایە، بەڵام هەتا ئێستا ئەو بریارەش هەربەهەڵواسراوی ماوەتەوەو لەنێوان وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان ڕوون نیە کامیان جێبەجێی دەکەن !



هەرێمی کوردستان ـ عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
سەرۆکایەتی دیوان
فەرمانگەی کاروباری کارگێری ودارایی
بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی

إقليم كوردستان ـ العراق
رئاسة مجلس الوزراء
رئاسة الديوان
دائرة الشؤون الإدارية والمالية
مديرية الادارة

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers

ژمارە: No:
ڕێکەوت: Date: ٢٠١٣/٦/٢٤

فەرمان

بریارماندا منحەیەکی تایبەت بە بڕی (١,٢٠٠,٠٠٠) یەک ملیۆن و دوو سەد هەزار دینار بە دوو مانگ جارێک خەرج بکرێت بۆ ئەم(١٣)بەڕێزەی ناویان لە لیستی هاوپێچ هاتووە کە ڕزگاربوانی گۆڕە بەکۆمەڵەکانن بە زنجیرە(١.فرج محمد محمود) دەست پێ دەکات و بە زنجیرە(١٣.فتاح عبدالقادر فتاح) کۆتایی دێت (کە سیانیان لە ژیاندا نەماون) لەسەر میلاکی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە ٢٠١٣/٧/١.

عماد احمد
جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

وێنەیەک بۆ:
- وەزارەتی کار وکاروباری کۆمەڵایەتی/لەگەڵ لیستی ناوەکان/بۆ جێبەجێ کردنی کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا...
- وەزارەتی دارایی و ئابووری/ب.گ.بودجە/لەگەڵ لیستی ناوەکان/ بۆ جێبەجێ کردنی کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا...
- [illegible] نووسینگەی وەزیر/نووسراوتان ژمارە(١٢٢) لە ٢٠١٣/٥/٢٢ بۆ ئاگاداری و کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا...
- کارگێڕی.
- دۆسیەی گشتی.
- خولاو.

Kurdistan Region - Erbil
Phone: +964 (066) 2220210 - 2230247 - 2230248
E-mail: cm@krg.org



حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ عیراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارگێڕی و دارایی
بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی و خزمەتی

اقليم كوردستان ـ العراق
مجلس الوزراء
وزارة شؤون الشهداء و المؤنفلين
المديرية العامة للأدارة والمالية
مديرية الأدارة و الخدمية

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Martyrs And Anfal Affairs

ژمارە: ٥٤٠٦
ساڵی کوردی: ١٩/پوشپەر/٢٧١٢
ساڵی زایینی: ٢٠١٢/٩/٩

(( فەرمانی وەزاری ))

بڕیارماندا بە:
پێکهێنانی لیژنەی پرۆژەی دەربازبوانی گۆڕی بەکۆمەڵ لەم بەڕێزانەی کە ناو ناونیشانیان لە خوارەوە دیاری کراوە لە ڕۆژی دەرچوونی فەرمانمان.

| ناو | ناونیشان | |
|---|---|---|
| ١- عەدالەت عمر رحمان | ئێکۆلەر لە بواری جینۆسایدی گەل کوردستان | سەرپەرشتیار |
| ٢- فؤاد عثمان طه | ب. ڕاگەیاندن | ئەندام |
| ٣- نجم الدين حمه سعيد | مشورەتکاری یاسایی | ئەندام |
| ٤- عمر محمد قادر | سەرنووسەری ئەنفالستان | ئەندام |

صباح احمد محمد
(مامۆستا ئارام)
وەزیر

وێنەیەک بۆ /
- نووسینگەی بەڕێز وەزیر... بۆزانین.
- ئاوەندی هەڵمەت دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدکردنی گەل کوردستان - چاو لەگەڵ ڕێزدا.
- ب. چاودێری و پشکنینی دارایی (دیوان).
- خزمەتی لەگەڵ بەرایییەکان.
- دۆسیەی کەسی.
- ئاوبراوان.
- خولاو.

E-mail: diwan@momakrg.org

## دەربازبوانی گۆڕی بەکۆمەڵ کێن ؟

دەربازبوانی گۆڕی بەکۆمەڵیش هەر دەربازبوانی ئەنفالن، بەڵام لە پرۆسەی کۆمەڵکوژی ئەنفالدا زۆرکەسی تر دەربازبوون، چ ئەوانەی بەشێوەیەک لە شێوەکان هەلاتوون یاخود لە شوێنی کۆکردنەوەی کاتی یاخود لە ناو کاروانی گواستنەوەکاندا هەڵاتوون و خۆیان دزیوەتەوە. چ ئەوانەی لە کەمپەکانی دوبزو تکریت و سەلامییە، چ ئەوانەی لە قەڵاکانی نزارکێ و نوگرەسەلمان بەلێبوردنێکی گشتی رزگاریان بوو بە هەموویان دەوترێت رزگار بوانی ئەنفال.

دەربازبوانی گۆری بەکۆمەڵ لە هەموویان جیاوازن چیرۆکی رزگاربوون و ژیانی دوای رزگاربوونیان هەمووی جێگەی تێرامانە .

لە ناو دەربازبوانی ئەنفالدا سەدان ژن و منداڵ هەن . بەڵام لەناو دەربازبوانی گۆڕی بەکۆمەڵدا هیچ ژنێک نیە، تەنها یەک منداڵی (١٢) ساڵ هەیە و ئەوانەی تر هەموویان پیاون و هەمووشیان گەنجن !

دەربازبوانی گۆڕی بەکۆمەڵ تەنها هی دوو ناوچەی جیاوازن ( گەرمیان و بادینان) لە کۆی ٧ کەسی گەرمیان ٥ کەسیان خەڵکی گوندەکانی (تۆپخانە، کانی قادر، چەم سورخاو، خدر رێحان) ی سەربە ناحێی قادرکەرەمن دوو کەسیشیان خەڵکی گوندەکانی عالیان و کوڵەجۆی ناحێی تیلەکۆن ! .

لە کۆی حەوت دەربازبووی بادینان ٦ کەسیان لە کۆمەڵکوژی گوندی کورێمێ رزگاریان بووەو یەک کەسیان لە کۆمەڵکوژی گوندی مێرگەتی بناری چیای گارا ! ئەوانەی گوندی کورێمێ دووکەسیان خەڵکی گوندی چەلکێ و یەک کەسیشیان خەڵکی شاری سلێمانیە. ئەوانی تر خەڵکی کورێمێن .

کەواتە باسەکەی ئێمە لەسەر دەربازبوونی ئەوکەسانەیە کە لەناو چاڵەکانی مەرگ و لەژێر تەرم وخوێن رزگاریان بووە، ئەمانە شایەتحاڵی تایبەتن . بۆیە دەبێت مافی تایبەت و ریزی تایبەت و تیروانینی تایبەتمان هەبێت بۆیان .

پرسیاری گرنگ ئایا تیروانیمان بۆ ئەم شایەتحاڵانە ئینسانی بێت یاخود یاسایی یاخود هەردوکیان ؟

لێرەدا وێنەو پرۆفایلێکی زۆر کورتی هەموویان دەخەینە روو بەڵام لەبەرئەوەی کات هاوکارمان نابێت بۆ وردەکاری چیرۆکی هەر ١٤ کەسەکە بەناچاری لەوانەی گەرمیان چیرۆکی یەکێکیان (ئەویش فەرەج) وەک مشتێک لەخەروارێک دەخەینە ڕوو ..

## شێوازی کۆمەڵکوژیەکەی کورێمێ .

سەر لە بەیانی بەرواری ١٩٨٨/٨/٢٨ وەکو تەواوی ناوچەکە گوندی کورێمێ هێرشی زەمینی کرایە سەر، هەموو خەڵکی ئەو گوندە کە پێشتر لە دۆڵ و چیاکان خۆیان شاردبووەوەو لەهەوڵی دەربازبوون ماندوو ببون، ئەو ڕۆژە لەگەڵ هەتاو کەوتندا ئاڵای سپییان هەڵکردو خۆیان بە دەستەوەدا، بەڵام خۆبەدەستەوەدان هیچی لە هەستی بەعسیەکان نە گۆڕیو ئەفسەرانی سوپا مامەڵەیەکی توندیان لەگەڵدا کردن، ئەفسەرێکی موقەدەمی پێشووی سوپای عێراق بە میدڵ ئیست وۆچی ڕاگەیاندووە : "فەرمانمان بۆ هات هەرچی پێشمەرگەیە بیانکوژین، تەنانەت ئەوانەشیان کە خۆبەدەستەوە دەدەن. هەروەها ئەو جووتیارە مەدەنیانەش کە لە

نـاوچەی قەدەغەکراودا بوون هەر بە پێشـــمەرگە دانرابوون. تەواوی پیـاوانی نـاوچە قەدەغەکراوەکان کە تەمەنیان ١٥- ٦٠ ساڵ بوو، دەبوو بە تێکدەر دابنرێن و بکوژرێن.

هەر دوای پۆلێنکردنیـانو جیـاکردنەوەی ژنو منـداڵ لەلایەکو پیـاوەکـانیش لەلایەکی تر، ســـەرئەنجام ژنو منداڵەکانیان ڕەوانەی ناحیێ مانگێشو قەڵای نزارکێ کردوو ٣٣ پیاویش ڕووەو خواروی گوندەکە بەریز بەرێخرانو هەروا ٢٠٠ مەترێک دور خرانەوە بۆ شـــوێنێکی ئەدیوی خوارگوندی کورێمێ کە شـوێن ڕەزی تری و داری چوالەیە، بە هەمووی کاتژمێرێکی نەبرد لەوێ تاوانی کۆمەڵکوژی پیاوانی گوندی کورێمێ بەفەرمانی دوو ئەفســـەر دەرچوو، هەر لە شـــوێنی خۆیـان گوللەبـارانکران، لەو کۆمەڵکوژییەدا لەکۆی ٣٣ کەس ( ٦) کەس دەربازبوون. بەپێی ئەو زانیاریانەی کە لە ڕاپۆرتی ژمارە ٢٤٢٢ ی فەیلەقی پێنجدا هاتوونو لە کۆتایی سـاڵی (١٩٨٨) دا نوسـراوە دەردەکەوێت کە تاوانی گوندی کورێمێ لەلایەن تیپی ٢٩ی پیادەو یەکێک لە لیواکانی ٤٣٥ ، ٢٣٨، ٨٤ ئەنجامدراوە.3 لەوبارەیەوە ڕێکخراوی مێدڵ ئێسـت وۆچ بەشـی چاودێری مافی مرۆڤ/ خۆرهەڵاتی ناوەڕاسـت، لە ڕاپۆرتەگرنگەکەیاندا دەربارەی جینۆساید لەعێراق و پەلاماری ئەنفال بۆسەر کورد بەرپرسیارێتی کۆمەڵکوی کورێمی دەخاتە ئەسـتۆی فیرقەی ٢٩ لەبەر ڕۆشـنایی هەڵسـەنگاندن و شـیکردنەوەکەی (تحليل معركة خاتمة الانفـال) فەرمـانـدەی فـەیلـەقی پێنجـدا (یونس محمـد ئەلزەرب) بە ژمـارە (ج٢٤٢٢/٢)ی ڕۆژی (٢٥,١٢,١٩٨٨) نوسـیوێتی و ئاراسـتەی سـەرۆکایەتی ئەرکانی سـوپای کردووە، ناوچەکانی دیاری کردووە، بەپێی ئەو هەڵسـەنگاندنە بێت تیپی (٢٩) لە زاخۆ بەرەو باتوفە ومانگێش بووە، بارەگای تیپەکەش لە مانگێشـــک بووە، گوندی (کورێمێ)ش هەروا چوار کیلۆمەترێک دەکەوتە

[3] لەســەروەختی ئەنفالدا عەمید روکن عەبدولجەلیل عەبدولحەمید موحسـین حەیدەری، فەرمانـدەی تیپی ٢٩ بوو ئەوســا بارەگاکەی لەمانگیشــکی نزیک گوندی کورێمێ جێگیر بوو، ناوبراو بەهۆی بەشـداری کردنی لەتاوانی ئەنفالدا مەدالیای ئازایەتی وەرگرتووەولەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق)یشەوە، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆدەرچووەو، لە لسـتی تۆمەتبارانـدا ژمارە (٧٤)ە. بەڵام ئەو هەر سـاڵی ١٩٩١ گیراوەو بێسـەروشـوێنە چونکە لـەکـاتی جەنگی کەنـداودا کە فەرمـانـدەی تیپی ٢٠ ی لەکەرتی فەیلەقی چواردا پێســـپێردرابوو، تیپەکەی لەدەوروبەری حفر الباطن جێگیر بووەو لەکاتی هێرشـــەکانی هاوپەیمانان و لەکاتی ڕاپەڕینی شـــەعبانیەی باشـووری عێراقداو لەونائارامیەدا کە لە نزیک کوێتەوە بەپیادە گەیشـتبوونەوە ناوجەی رومیلەو لەوێشـەوە بۆ عەمارە لە کۆتایی مانگی ئازاری سالی (١٩٩١)دا کەوتە ناو بۆسەیەکی هێزێکی ئێرانییەوە، کە لەناو خاکی ئێراق دایان نابوو، لەو بۆســـەیەدا گرتیان و لەگەڵ خۆیاندا بردیان تەنانەت دوای رووخانی رژێمیش چارەنووســـی هەربە نادیاری مایەوە، لەبارەی ئەوفەرماندە سـەربازییەوە عەمید رکن نجیب الصـالحی دەنوسـێت پاسـەوانێکی هەڵی ئەوەی بۆ هەڵکەوتبوو کەهەڵبێت وبگاتەوە بارەگای تیپ ئەو هەموو شـــتێکی باســـکردووە، هەروەها دەنوسـێت سـەرۆکی ئەرکان عەمید رکن عبدالغنی عجیل ئەلئەسـەدی ) بە بێتەل لەکاتی گیرانیدا قسـەی لەگەڵدا کردووە وتوویەتی ( هیلاک و مـانـدوو بووەو داوای لێکردووم کە هیچ فەرمـانێک لەبـارەی منەوە دەرمەکەو پەیوەندی پچڕاوە)[3] (رئيس الأركان العميد الركن "عبد الغني عجيل الاسدي" فيقول:

)اتصل بي القائد في لحظة وقوعه في الأسر بواسطة الجهاز اللاسلكي طالبا مني عدم تنفيذ أي أمر يصدر منه لي بعد هذه اللحظة وكان من خلال صوته الخافت يبدو متعبا وسمعته يتألم وانقطع الاتصال(!

) سەرچاوە: (العميد الركن نجيب مصطفى الصالحي، الزلزال، ل١٦٢).

باکووری ناحیەکەوە دەبێت ئەنجامدەرانی تاوانەکە ئەفسەرانی ئەو یەکە سەربازییەی تیپی ٢٩ بوون.

دوای کۆمەڵکوژییەکە سوپا پاشەکشەی کردوو ئەو شەش کەسەش بەبریندار و جەستەی خوێناوییەوە لەناوتەرمەکان هەستانەوەو لەو ناوە دورکەوتنەوەو ماوەیەک لەناو شیودۆلەکانی نزیک گوندی کوریمێدا خۆیان شاردەوە، هەرکە لێبوردنی گشتی راگەیەندرا ئەوانیش خۆیان رادەستکردەوە، بەڵام دوای هەفتەیەک هێشتنەوەیان لە قەڵای نزارکێ رەوانەی کۆمەڵگای جێژنیکاکران وهەر بەدەست بەسەری مانەوە هەتا راپەرینی سالی ١٩٩١ .

## کۆمەڵکوژی بیابان



فەرەج محەمەد عەزیز

لە دایک بووی ساڵی ١٩٥٠ -گوندی قشلاخە کۆنە

دوای روخاندنی چونەتە گوندی تۆپخانە لە ناحیەی قادرکەرەم.

گوندی تۆپخانە ٢٦ کەسیان ئەنفالکراوە .

فەرج جوتیارێکی بێچەک و هەژاری ماڵی خۆی بووە.

ئەوکاتەی ئەنفالکران باوکی ٩ منداڵ بوو. لەناو دەربازبواندا بەتەمەنترین کەسیانە .

لە رۆژی ٧ی نیساندا پەلاماری ئەنفال گەیشتە گەرمیان خەڵک گەمارۆدرا، لە ١٢ی نیساندا ئەویش وەهەر کەسێک خۆی ڕادەستی موستەشاری جاش «شێخ موعتەسەم بەرزنجی» کردووە. بەڵام ڕادەستی سوپای کردن.

بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لە چەمی عالیاوای نزیک قادرکەرەم لەگەڵ کۆی خەڵکەکە دەستبەسەرکراون.

ڕۆژی ١٤ی نیسان رەوانەی لیوای چەمچەماڵو هەمان رۆژ ڕەوانەی تۆپزاوا کراون .

لە تۆپزاوا جیاکرانەوەو پۆلێنکران و کرانە ناو هۆڵەکانەوە و بۆماوەی دوو رۆژ بەبێ خواردن دەستبەسەرکران.

سەرلە بەیانی رۆژی ١٦ی نیسانی ١٩٨٨ بە پاسی بێپەنجەرەی شێوە ئیسعاف (کەبس) بەرەو بیابانی پارێزگای رومادی (محافظة الانبار). براون ئەوێ شوێنی کۆمەڵکوژی کاروانێک بوو کە بریتی بوون لە ٣٤ پاس وهەر یەکێکیشان ٣٤ کەسی تێدابوو هەموو سەرنشینەکانی گەنج بوون .

### دواوێستگەی ژیان :

فەرەج دەڵێت : ( کە سەیارەکان وەستان دنیا تاریک ببوو، دەستڕێژی گوللەش دەهاتەگوێ، ئیتر زانیمان ئێرە کۆتایی ژیان و شوێنی کوشتنمانە، زۆری نەبرد کە دوو سەربازهاتن و دەرگای سەیارەکەیان کردەوە، ئینجا دوو دوو پەلکێشکراینە دەرەوە، من لەگەرما پێڵاوەکانم دانابووکە دابەزیم بە پیویستم نەزانی لە پێی بکەمەوە.

لەگەڵ صـــالحی ئامۆزامدا پێکەوە دایانگرین و بە جامادانێی ســالح دەســتمان بەســترایەوەو بەپشــتێنەکەی منیش چاومان) فەرەج بیری لەوەکردووەتەوە نۆرە بری لە داگرتنی دوو کوری گەنجی جواندا بکات بۆ ئەوەی مەرگیان نەبینێ کە دەبوو لەپێش ئەمانەوە دابگیرانایە، کەچی قەدەر وابوو تەرمی ئەوانیش بەسەر ئەمدا فرێدرانەخوارەوە .

گاردەکان کە ئەنفالکراوەکانیان دادەگرتە خوارەوە، بەخێرایی دەیان پشــکنین، بەڵام نەیانتوانی ئەو ٢٠٠ دینارە بدۆزنەوە کە فەرەج شاردبوویەوە .

دوای ئەوە بەرەو لێواری چاڵێک پاڵدران، ئینجا فەرمانیان پێکردن شـایەتمان بهێنن‌و ڕاکشـێن فەرەج لەبەرخۆیەوە ئایەتەلکورسـی خوێند: "الله لا اله الا هو الحیو القیوم" فەرماندرا بیانکوژن لەم ساتەدا جەلادەکەش شتێکی دەخوێند بەڵام فەرەج نازانێ ئایەتەلکورسی بووە یان قسەیەک صدام.

گوڕو هووڕی بلدۆزەریش دەهات، هێندەی نەبرد کلاشــینکۆف کەوتەکار لە تەنیشــتیەوە هەســتی بەناڵەیەک کرد، ئەوە دوادەنگ و دوا هەناســەی ســاڵحی ئامۆزای بوو، دەســڕێژەکە وەســـتاو فەرەج‌و صـــالحیان بەنوکە شـــەقێک هەڵدایە چاڵێکەوە کە پێشـــتر تەرمی زۆری تێفرێدرابوو.

فەرەج کە زانی نەپێکراوە، هەوڵیدا بەلایەکدا دزە بکات، کە کەوتە جووڵە هەســـتی کرد هەموو چوار دەوری لاشـــەیە، ئینجا دەســـت و چاوی کردەوە، هێندەی پێنەچوو دوو بەندیی تریان هێناو لەســەرچاڵەکەدا پاڵیانخســتن و بەگوللە دایانبێژان‌و ئەوانیشــیان فرێدایە خوارەوە، ئەوانە تەرمی دوو گەنجە جوانەکە بوون کە فەرەج نەیدەویست مەرگیان ببینێ .

## کورد نەما :

ئەوەی فەرەجی تۆقاندبوو بینینی ئەو هەموو چاڵەی دەوروبەری بوو (بۆیە فەرەج لەدڵی خۆیدا ووتی کورد نەما) فەرەج ڕوانی تاچاو برکا چاڵەکە درێژە و پڕ بوو لە تەرم، لەوەدا بوو خۆی بدزێتەوە، بەڵام جەلادێک هـاتە نـاوچاڵەکەو هەرچی بدیتـایە دەجولێتەوە دەیدایە بەرگوللە بەخەیـالیدا هـاتبوو پەلامـاری بـدات، بەڵام ئەوەی نەکردبوو، وای بەخەیـالدا هـاتبوو کە ئەو ســەربازەش بکوژێت خۆی هەر دەکوژرێت. دورکەوتەوە و بێ وەســتان کەوتە ڕاکردن، بەڵام لەو بیابانە ترســـناکەدا ســـەگەل بەبۆنی خوێندا شـــوێنی کەوتن و لێینە دەبوونەوەو تەواو ســـەغڵەتیان کردبوو ( ناچار خۆم وەکو جۆرە درندەیەک پیشـــاندا ســـەگەکان لێم ترســـان‌و دورکەوتنەوە، ئەو شـــەوە خۆی لە هەر ڕووناکیەک بەدورگرت‌و نەیوێراوە نزیکیان بکەوێت، ڕیگەی کەوتبووە سەر ئاوێک هەرچۆنێک بووە خوێنکەی لە خۆی کردبووە.

شـــۆفێری شـــۆفڵ چاوەڕێی فەرمان بوو بۆداپۆشـــینی تەرمەکان ماوەی چارەکە ســـەعاتێک لەشـــوێنی خۆیدامایەوە گوێی هەڵخســـتبوو بەڵام تەقەی بچڕبچڕدەیان ترســـاندو نەیدەوێرا بجولێ پاش ماوەیەک ســـودی لەکپی‌و بێدەنگی وەرگرت، بەرلەوەی شـــۆڤل دایانپۆشـــێ بەئەسپایی‌و ترسەوە بەسەر لاشەکاندا تێپەڕیێ‌و لەتیمەکانی گوللەباران دوورکەوتەوە . فەرەچ لە چاڵەکانی مەرگ دورکەوتەوە، بەڕێگایەکی خۆڵدا تێپەڕی بەرەو ئاوەدانیەک کە نەیدەزانی کوێیە، ئەو چیرۆکێکی بۆخۆی دارشتبوو، کە لەقەراغ ئاوێک گەیشتبووە شوانێکی پیر پرسیاری لێکردبوو ئێرە کوێیە ، شـــوانەکە لەوەڵامدا وتبووی ئێرە پارێزگای "ڕومادی" یەو ئەوانیش

کوردی ئێرانین‌و لێره نیشته‌جێکراون، شوانه‌که مه‌به‌ستی بوو بزانێ بۆچی فه‌ره‌ج پێی په‌تییه ؟! له‌وه‌ڵامدا ووتبووی: من سایه‌قم و ئۆتۆمبیله‌که‌م وه‌رگه‌راوه‌و هه‌رچی ناسنامه‌یه‌کم پێبووه له ئۆتۆمبیله‌که‌دا به‌جێیماوه، بۆیه خۆم له خاڵی پشکنین ده‌پارێزم، شوانه‌که ناونیشانێکی دایه‌و پێی گوت چۆن دزه بکاته ناو ئۆردوگاکه‌وه، به‌و ناونیشانه گه‌یشته ناوماڵه‌کان، له ماڵیک ژنێک نانێکی دابوویه‌و پرسیاری لێکرد ئه‌م شوێنه کوێیه؟ ژنه‌ش وتبووی ئێره مجمعی ئاڵتاشه و بۆ کورده ئێرانیه‌کان دروستکراوه، که مێردی ژنه‌که هاته‌وه فه‌ره‌ج سیناریوی وه‌رگه‌ڕانی ئۆتۆمبیلی بۆئه‌ویش گێڕایه‌وه‌و لێپرسی چۆن بگه‌ڕێته‌وه بۆ به‌غدا، ووتبووی پاسێک له کۆمه‌ڵگاکه‌وه بۆ ڕومادی ده‌رده‌چێت و ئامۆژگاریشی کردبوو چۆن له خاڵی پشکنین ده‌ربازببێت و هه‌ندێ خواردن و جووتێ نه‌علیشی پێدابوو. کابرا برازایه‌کی[4] خۆی له‌گه‌ڵدا نارد هه‌تا له‌ساتره‌که‌وه له‌کۆمه‌ڵگاکه ده‌ربازی بکات به‌و شێوه‌یه فه‌ره‌ج له‌ماڵه‌که‌و له که‌مپی ئاڵتاش ده‌رچوو .

## ڕێکه‌وتێکی گرنگ به‌ڵام ترسناک !



فه‌ره‌ج له‌ماڵه‌که ده‌رچوو. به‌ڵام که پاسه‌که هاتبوو زۆر له‌وه ترسابوو جێگه‌ی نه‌بێ و بۆی نه‌وه‌ستێ، بۆیه له خوا پارایه‌وه هه‌ڵیگرێ و له‌م مه‌ینه‌تیه ڕزگاری بێت، به‌ڵام به‌خت یاوه‌ری بوو پاسه‌که وه‌ستاو ئه‌و به‌ترس وشڵه‌ژاویه‌وه سوار بوو، که‌سه‌رنشینێک بانگی کردبوو، (کاک فه‌ره‌چ به‌خێر بێیت) وه‌ره ئێره ! هه‌رچه‌نده ئه‌و زۆر ترساو زه‌نده‌قی چوو، به‌ڵام ئه‌و که‌سه له‌لای خۆیه‌وه جێگه‌ی بۆکردبووه‌وه ئه‌وکه‌سه‌ش هه‌مان چیرۆکی هه‌بوو عوزێربوو که شه‌وی ڕابوردو له‌کۆمه‌ڵکوژییه‌کی تر به برینداری ڕزگاری ببوو. ئێستا فه‌ره‌ج و عوزێر و ڕه‌مه‌زان و واحید که هه‌مان چیرۆکیان هه‌یه له ڵاوته یه‌کگرتووه‌کانی ئه‌مریکا ده‌ژین .

---

4 دواتر له به‌دواداچونه‌کانمدا بۆم ده‌رکه‌وت که برازای خاوه‌ن ماڵه‌که ناوی (که‌ریم) بوو. ئێستا له به‌ریتانیا ده‌ژی .

# پرۆفایلی دەربازبوانی گۆڕی بەکۆمەڵ



# عوزێر

## ناوی راستەقینەی (عەزیز وەهاب محەمەد سلێمانە)

خەڵکی گونـدی تەرجیلی نـاحیەی لەیلانی پـارێزگـای کەرکووکەو هەرلەوێ لە دایکبووە.

لەکاتی ئەنفالدا تەمەنی بیســتو پێنج ســاڵ بوو، وەکو سەربازێکی هەڵاتوو، لەگوندی (خدر ڕەیحان )ی ناوچەی قادرکەرەم گیرسابووەوە،.

لە ١٠ ی نیساندا ئەنفالکراوە، وەکو هەزاران کەسی ناوچەکە خۆیدا بەدەست جاشەکانی قاسم ئاغای کۆیەوە هەر دوای چەند سەعاتێک رادەستی ئەمنی قادرکەرەم کراو دواتر بەکاروانێک زیلی سـەربازی رەوانەی لیوای سـەربازی چەمچەماڵ کران، لە١٤ ی نیسـاندا لەگەڵ هەزاران ئەنفالکراوی تردا لەتۆپزاوا خۆیان دیتەوە.

١٩٨٨/٤/١٦ لەتۆپزاواوە بۆ شوێنی کۆمەڵکوژیەکە بەرێخران، لەکاتی بارکردنیاندا عوزیر (٣٧٥) سێسەدو حەفتاوپێنجەمین ناوبووە، هەروەک خۆی دەڵێت : ( کە ناوەکانیان دەخوێندەوە یەکە یەکە ئەم ژمارد، سێسەدو حەفتاوچوار ناوی تری پێش من خوێندەوە ! ئیتر نازانم دوای منیش چەنێکیتری خوێندەوە ) عوزێر دیقەتی ژمارەی ئەوپاصـەشـی داوە کەسوارکراوە ( شـورتەی موسـڵ- ژمارە- (٥٠٣٦یان٥٠٣٧) بوو. تیبینی ئەوەی کردووە کەناوسـەیارەکەپاشـماوەی خەڵکی تیابووە ( لەقەد کوشـنەکان بەقەڵەم جاف و بەخەتی شـین نوسـرابوو: بردمانیان بۆ حەدودی ئوردن، بردمـانیان بۆ حەدودی سـعودییە) بەوە زانیویـانە پێش ئەوانیش خەڵکیان گواستۆتەوە بۆ شوێنی جیاجیا) لە لۆفەیەکیشدا توانیوێـتی لەئاوێنەی سایەقەکەوە ٣٤ سەیارە بژمێرێ ( کەوەک دەنکی تەزبیح بەدوای یەکترییەوە بوون ( چەند سـەیارەیەکی شـۆفرلێت لەپاشو پێشەوە ڕەشاشیان لەسەر بووپارێزگارییان دەکردن.. هەمان رۆژ لە سەعات ٧:٣٠ ی ئێوارە لە قەراغی گۆرێکی بیاباندا خۆیان دیتەوەو بینیان وا لە بەر بازنەی رۆشـنایی لایتی پاصـەکەی هاوسـەفەریان دوو دوو بەندیەکان دادەگرنو دیانکوژن بۆیە کەوتنە تەکبیرو بەرهەلستی .. سەرئەنجام دوای ئەوەی جەلادەکە دێتە ژوورەوە ئەمان لەسەر ئەو نەخشەیەی دایاننابوو پەلاماریاندا، بەڵام دوای دووهەوڵی جیاواز سـەرکەوتوونەبوون، ئینجا جەلادەکان هەرلەناو پاصـەکەدا گوللەبارانیان کردن، بەڵام بەهۆی ئەو شـلەژانەی جەلادەکانەوە عوزێرو

سێ کەسی تر (ئەنوەر تەیار، ڕەمەزان، واحید) لەم کۆمەڵکوژیە ڕزگاریان بوو. عوزێر ئێستا لە ویلایەتی ڤێرجینیای ئەمریکا دەژیو بەکاری تاقەت پروکێن بەرێوە دەچێت. ڕۆژانە بەزەحمەت دەتوانێ بە سەیارەو بەنزینی خۆی سەعاتی بە ٥ دۆلارکاردەکات. ئەمەش بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زۆر زەحمەتە .

## ڕەمەزان عەلی سلێمان



لە دایکبووی ساڵی ١٩٦٦ خەڵکی (جافان)ی ناوچەی قەرەحەسەن بوو. لەسەروەختی ئەنفال وەکو سەربازێکی هەڵاتوو لەگوندی (خدرریحان) گیرسابووەوەو لە هەردەکان خۆی شاردبووەوەو دوای دوو ڕۆژ خۆی دابووە دەست جاشەکانی قاسم ئاغاوە.

لەقادرکەرەمەوە براون بۆ لیوای چەمچەماڵ لەوێ لەگەڵ عوزێر یەکیانگرتەوە، ڕۆژی ٤/١٤ پێکەوە بردبوونیان بۆتۆپزاوا. عوزێرو ڕەمەزانو واحیدو ئەنوەرتەیار لەتۆپزاوا پێکەوە ڕاپێچی ناوپاسێک کران .

شوێنی کۆمەڵکوژی (ڕەمەزانو عوزیرو فەرەجو واحیدو ئەنوەر تەیار) لەناوچەیەکی سەر بەپارێزگای ڕومادی بووە نزیک کامپی ئەڵتاش، کەئاوارەی کوردی ئێرانی تێدابوو.

ڕەمەزان بری ٦٠٠ دیناری پێبووە بەڵام تەنها ١٥ دینار لە گیرفانی کراسەکەیدا بەجیماوەو ئەوەی تری لەکاتی پشکنیندا لەگەڵ دەفتەری خزمەتی سەربازیەکەی لێدەستێنن، دوای ئەوەی لەشوێنی کۆمەڵکوژیەکە دوردەکەوێتەوە ئەو شەوە تا ڕۆژ دەبێتەوە بەبێ وەستان ڕێگا دەبڕێت، بۆ بەیانی دەگاتە ئاوەدانیەک کەخۆی نازانێت کوێیە، بەڵام وەختێک دەپرسێت ئێرە کوێیە عەرەبێک وەک گاڵتەی بکات پێی دەڵێت (بەغداد جدیدەیە) ئیتر سواری تەکسیەک دەبێت بۆ بەغدا لەوێ هەرچەندە خزمی زۆر دەبێت بەڵام ماڵی کەسیان پێنازانێ کە دەچێتە گەراج یەکێک لەوشۆفێری تەکسیانە دەخاتە دڵی خۆیەوەو پێی دەڵێت من حاڵێکی خراپم هەیەو دەمەوێت بمبەیتەوە بۆکەرکوک.. شۆفێرەکە دەڵێت مادام تۆ وەزعەکەت ئاوایە دەتبەمەوە. ئەویش لەبەغداوە کەسواری تەکسیەک ببوو بۆ کەرکوک، لەوکاتەدا ڕێکەوتێکی سەیردروست ببوو، ئەوەبوو کە شۆفێرەکە خاڵۆی عوزێربوو کەلەخەتی بەغدا ئیشی تەکسی دەکرد، لەڕێگە ڕەمەزان هەموو ڕوداوەکەی بۆ گێڕابووەوە، خاڵۆی عوزێرپرسیاری لێئەکات ئەڵا باشە کوڕێک ئەناسم ناوی عوزێرە بلێی ئەویش گیرابێ، بەڵام نەیوتبوو من خاڵۆی ئەوم، ڕەمەزان سوێندی بۆ خواردبوو، ووتبووی کەلەناو یەک سەیارەدا بووین و ئەویش کوژرا )

پێدەچێت ڕەمەزانیش چوبێتە هەمان ئەو ئۆردوگایەی کوردە ئێرانیەکان فەرەجو عوزێری پێدا تێپەڕین، هەرچۆنێک بووە خۆی گەیاندبووە کەرکوکو دوزخورماتوو، ئیتر ئەویش خۆی

گەیاندبووەوە بۆلای چەند خزمێکی خۆی لەسەرچەمی ئاوەسپی‌و تا لێبوردنەگشتیەکە لەوێ خۆی شاردبووەوە.
رەمەزانیش ئێستا لە ڤێرجینیای ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا دەژی.

## واحید حەمەسەعید عەبدول



خەڵکی گوندی کانی قادری ناحێی قادر کەرەمە.
لە دایکبووی : ساڵی ١٩٦٥/٧/١
ئەو کاتە باوکی دوو منداڵ بوو
کورێکیشی لە بۆمبارانێکی سامناکی فرۆکەکانی بەعسدا زۆر ترسابوو، هەربەو ترسەش گیانی لەدەستدابوو.
لەناوەڕاستی نیسانی ١٩٨٨. لەنزیک قادر کەرەم خۆی داوەتە دەست جاشەکانی قاسماغاوەو دەستگیرکراوە، ئەویش بەبنکەی کۆکردنەوەی قادرکەرەمو چەمچەماڵدا رەتبووەو لە ١٤ نیسان لەگەڵ هەزاران کەسی تردا گەیەنراوەتە بنکەئ کۆکردنەوەو پۆلێنکردنی تۆپزاوا، لەبەرەبەیانی ١٦ نیساندا بەکاروانێک کە ٣٥ پاصی شێوە ئیسعاف بوون، لەگەڵ عوزێرو رەمەزانو ئەنوەرتەیار بە بەکێک لەوپاصانە کە شێوەیان لە ئیسعاف دەچوو بەرێخراون دوای ١٠ کاتژمێر رێگە برین گەیەنراونەتە بیابانەکانی پارێزگای رومادی .
لەهەمان ئەو کۆمەڵکوژیەی بیابانی پارێزگای رومادیدا لە قەراغ گۆرێکی بەکۆمەڵدا لەگەڵ عوزێرورەمەزانو ئەنوەرتەیاردا گوللەبارانکران، بەڵام ئەویش بەخت یاوەری بوو کە بەبریندارى رزگاری بوو، شەوێک تابەیانی رێگەی بڕیبوو تا لە ئاوەدانیەک کە خۆی نازانێ کوێیە بۆماوەی دوو رۆژ لەماڵی پیاوێکی عەرەب مابووەوەو هەندێک برینەکەیان بۆ تەداوی کرد بوو.. بەالام جسرێکی تر ئینزبات دەیگرن و دوای کێشەو بێنەو بەرەیەکی زۆرو دوای ماوەی مانگێک لە سجنی ئینزباتخانە رەوانەی تەجنیدیان کردبووەوەو دواجار رەوانەی سەربازی کرابووەوە چونکە حسابی سەربازی هەلاتویان بۆکردبوو، دواجار لەوێش هەڵدێ و خۆی گەیاندبووەوە دوزخورماتوو. ماوەیەکی زۆر خۆی شاردبووەوە تا لێبوردنە گشتیەکەی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٨.
ساڵی ١٩٩٢ لەرێگەی هیومان رایتس ۆچەوە براون بۆ ئەمریکاو ئێستا لەوڵاتی ڤێرجینیا دەژی و بۆبژێوی ژیان لەفرۆکەخانە کاری تاقەت پروکێنی شۆفێری دەکات. لەپەیوەندیەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ ساڵنامەی ئەنفالستان واحید گووتی: لەراستیدا ئێمە حاڵمان زۆر خراپە، بەوەنیە لە ئەمریکا دەژین، ئەگەر رۆژانە کارنەکەین ناتوانین بژین.

# تەیموور عەبدوڵا



لە دایکبووی ١٩٧٨ ی گوندی کوڵەجۆی حاجی حەمە جانی سـەربەناحیێی تیلەکۆیە، کە ئەنفالکران تەمەنی ١٢ سـاڵان بوو.

تـاکەمنـداڵی پێزانراوەکە لەکۆمەڵکوژی ئەنفـال دەربـاز بووبێـتو تـاقە شـایەتیشـە کەخۆی قوربـانی بێـتو کۆمەڵکوژی ئافرەتو منداڵی بەچاوی خۆی ببینییێت.

خانەوادەی تەیموور بەکشـتوکاڵو ئاژەڵدارییەوە خەریک بوون،لەپەلاماری ئەنفالی سـێدا لەگەڵ بـاوک و دایکیو هەرسـێ خوشـکە بچووکەکەی، ئەنفـالکرانو بەرەو ملەسـورەو قۆرەتووبران، کە ئەنفال گەیشـتەلایان ئەوانیش وەکو حەمەعەلی بەهیوای ئەوە بوون بەسـواری تراکتۆرەکەیـان بگەنە کۆمەڵگـای سـمـوود بەڵام نەیـانتـوانـی، هەربەعەرەبانەوتراکتۆرەکانی خۆیان بردیانن بۆ قەڵای قۆرەتوو. پـاشـان بەکاروانێکی سـەربازی گەیەنرانە تۆپزاوا لەوێ بـاوکیـان جیاکردەوەو لەپەنجەرەی هۆڵەکەوە بینیبووی پیاوەکان قۆڵبەسـتکرانو تەنانەت جلوبەرگیشـیان لەبەرداکەندن ئیتر هەرئەوەبوو جارێکیتر چاویان بەیەکتر نەکەوتەوە . لە تۆپزاوا بەرەبەیانێک گاردەکان بەریز نـاویـان خویندنەوەو ئەنفالکراوەکانیان کردە حەوشەو دواتر بە کاروانێک ئۆتۆمبیل گوازرانەوە بۆ بیابانی پارێزگای سەماوە، لە هەرپاسێکداپەنجا تا شەست ژن و منداڵی تێدا بووە، ئەمانیش تاخۆرئاوا بەسـەر ڕێگایەکی قیردا برابوون گەرما شپرزەی کردوون، بێئەوەی قومێک ئاو بیخۆنەوە.

کە سەرباز بەندیەکانیان کردووەتە دەرەوە، تەیموور جگە لەسێ ئۆمبیلی کاروانەکەو بیابانێکی تاریک هیچی نەبینیوە.

پاشئەوەی لەوەستانێکدا چاوی هەریەکەیان بەپەڕۆ بەستوەتەوە، تەیموور توانیبووی پەڕۆکەی سـەرچاوی بکاتەوە، کاروانەکە کەوتووەتەوە ڕێو بەهەڵبەزو دابەز پاش نیوسـەعاتو ڕێیەک هەر ئۆتومبیلێک بەرانبەر چاڵێک وەستاوەو دواتر سەرباز بەزۆر بەندیەکانیان پاڵناوە بۆلێواری چاڵەکانو دەسبەجێ بەکلاشینکۆف کەوتوونەتەگوللەبارانکردنیان.

تەیموورشـانی چەپی پێکراوەو بەدەم گریانەوە هەنگاوی بۆلای ئەو سـەربازە هەڵهێناوەتەوە کە تەقەی لێکردبوو، بەڵام کەپەلەقـاازەی ئەوەی کردووە لەچـاڵەکەبێتەدەرەوە، دیسـانەوە بەرگوللەی داوەتەوە. ئەمجارەشیان گوللەیەک لای ڕاستی تەیمووری گرتبوو خستبووی.

پاش ئەوەی سەربازەکان ڕۆیشتوون بەخێرایی خۆی خزاندبووە ناوچاڵێکی تر، هەتا گەیشتە دوایین چاڵی پڕ لەتەرم کەلەوانەش هاتە دەرەوە چاڵەکانی تریشی بەبەتاڵی بینیبوو.
لەکپیو بێدەنگیدا،شەشەم کۆمەڵە خۆڵی تێدەپەڕاندولەوشەوە خوێناویەدا دایکوخوشکەکانی لەگۆڕێکی پڕ لەلاشەو بیابانێکی ترسناکدا بەجێهیشت (١٣) بۆخۆشی خوێن لەبرینەکانی دەڕۆی.
تەیمور بەمیدل ئێست وچی راگەیاندووەلە هەلآتنیدا کەوتووەتە ناوبیست چاڵی بەتاڵەوە:
(دێتەوە یادی کە وتوویەتی : " گەر بەسەلامەتی رزگاربم،پێنج دینار دەکەمە خێر "
لەدوای دووکاتژمێر رێگە برین بەبیابانێکی ترسناکدا گەیشتە ماڵێکی دەوارنشین. ماڵەکە زۆر سەرسام بوون کەبینیان وا منداڵێک بەبەرگی کوردییەوە سەرتاپای خوێنە..؟! هەرچەندە نەیانتوانیبوو لەیەکتر تێبگەن، نەئەوان لەکوردی دەگەیشتن ونەتەیموریش عەرەبیی دەزانی، بەڵام بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لەخێوەتەکەیدا شاردیەوەو پاشان بەئۆتۆمبیلەکەی خۆی بردبووی بۆ شاری سەماوە.
دووساڵ ( خانەوادەی ال ئعێشم اصفاح) داڵدەی تەیموریاندا، سەرئەنجام بەهۆی (سالح)ی کوڕیانەوە کە سەرباز بوولەکوردستان، لەگەڵ کوردێک پێکەوەبوون، سالح و ئەسعەد حەمە سالح متمانەیان بەیەک هەبوو،کەبەنهێنی سۆراخی کەسوکاری تەیموری دەکرد، یەکەم کەس کەلەلای درکاندبووی ئەسعەد بوو، ئەویش پاشئەوەی وردەکاری دەربازبوونی تەیموری بیستبوو باوکی ناردبوو بۆناحیێ سەرقەلا کەماڵی پورێکی تەیموری لێبوو، لەوێ پوری تەیمور ڕاستی برازاکەیو ناونیشانەکەی پشتراستکردبووەوەو چووبون بۆکۆمەڵگای صمود کەمامێکی تەیموور بەناوی (رەوف)ی لێنیشتەجێ بوو، لەئۆکتۆبەری ١٩٩٠دا تەیموورو مامەکانی بەیەکتر شادبووتەوە، پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ چیرۆکی تەیموور بەیەکجاری بڵاوبووەوەو بۆ یەکەمجار لەڕێگەی تەیمورەوە زانرا کە تاوانی ئەنفال چەند دڕاندانەو تۆقێنەر بووە .

## محمد ئەحمەد عەلی ( حەمە عەلی)



لە دایکبووی ساڵی ١٩٥٦ دانیشتووی گوندی عەلیانی تیلەکۆیە.
لەناوەڕاستی نیسانی ١٩٨٨ ئەنفالکراوە، ئەوکاتە مێردی دوو ژنو ٧ منداڵ بووە.لەتۆپزاوا لەیەکتری جیاکرانەوە، ئیتر جارێکی تر یەکتریان نەبینیەوە چونکە هیچکامیان نەگەڕانەوە. هەرلە عەلیاواوە بەسواری بەتراکتۆرەکەی خۆی براون بۆ قەڵای قۆرەتووی بارەگای سەرەکی فرقەی ٢١. دوای سێ ڕۆژ دەستبەسەرکردنیان بەزیلی سەربازی براون بۆ تۆپزاوا لەوێ جیاکرانەوەو دوای دوو ڕۆژ براون بۆ بیابانەکانی پارێزگای موسل (شوێنی

کۆمەڵکوژی) ئەنفالکراوەکان ، لەقەراغ گۆڕێکی بەکۆمەڵی ناوچەی حەزەری پارێزگای موصڵ هەڵاتوو رزگاری بووە .
ماوەی شەش کاتژمێری ڕێگا بەسەر ڕێگایەکی قیردا بووەو ماوەی کاتژمێریکیش بەڕێگەیەکی هەڵبەزو دابەزی خۆڵدا بردویانن، لەگەڵ وەستانی کاروانەکەدا ئۆتۆمبیلەکان هێشتا دەنگی مەکینەکانیان دەهات کەگوێی لە دەنگی تەقەبوو، سەربازەکان هاتوونو بەپاڵ جایانگرتوونەتە خوارەوە، هەر کەپشکنین تەواوبوو بەپەتێکی درێژ بەیەک ڕیز دەستی ١٨ کەسیان بەستەوە، پاشان فەرمانیان پێدان لەلێواری چاڵێکی هەڵکەندراو بوەستن، بۆگوللەبارانکردن . لەوەدا بەخت یاوەری بوو کەگرێی پەتەکەی دەستی شل بەسترابوو،پێشئەوەی تەقەیان لێ بکەن حەمەعەلی ڕایکردوە، سەیر لەوەدا بوو کە کەس دوای نەکەوت دیارە جەلادەکان بەگەرمی سەرقاڵی لە کۆلکردنەوەی ئەوانەی تر بوون هەرگیز بەخەیاڵیاندا نەهاتووە کەسێک رزگاری بێت .
هەر ئەوشەوە لە چاڵەکانی مەرگ دورکەوتەوە، بێ هیچ خواردنێک، چوار ڕۆژ بەترسو شەڵەژانەوە لەبیاباندا بەبرینداری ڕێگەی بریوە، هەتا بەناچاری وترسێکی زۆرەوە خۆی بە گوندێکدا کرد، لەو گوندەدا خەڵکی لێی کۆبوونەوەو بە سەر سورمانەوە تەماشایان کردووەو بەهەموویان لێیانداوەو ئەزیەتیانداوە .
بەسەرهاتی حەمەعەلی وەکو ئەوانی ترلێرە لە گێڕانەوە نایات، بۆیە سەرنجتان ڕاکێشم بۆ ئەو دیدارەی یوست هیلتەرمان کەلەگەلیدا ئەنجامیداوە و بەشێکی گرنگیشی لەراپۆرتەکەی میل ئێست وۆچ دایە لەژێرناوی بەسەرهاتی محمد. عەرەبەکانی ئەو گوندە بەهانایەوە نەهاتن، بەڵکو لەلایەن خەڵکەکەیەوە گیراوەو لێیانداوەو پاشان دراوەتە دەست پۆلیسو جارێکیتر خراوەتەوە زیندان،پەتپەتێنی زۆری پێکراوەو سەرئەنجام  رزگاری بووە .
بەختو زیرەکی :
بەختی هەبوو کەگیرایەوە کەوتە دەستی پۆلیس، زیرەکبوو کەچیرۆکەکەی نەگۆڕیبوو، گوایە قصابەو جاشی (فەتاح بەگ)ی کەلارە،پۆلیسی عێراقیش هیچ زانیاریەکیان لەسەرکۆمەڵکوژیی ئەنفال نەبووە. بەڵام ئاسایش کەئەنفالی زۆر بەتوندی گرتبوو بەکێشەکەیان نەزانیبوو.
حەمەعەلی سومبلی کلۆڵی نەتەوەی کوردە چونکە گرنگترین شایەتحاڵی کۆمەڵکوژیی ئەنفال بوو، کەچی پاشئەوەی  رزگاری بوو، لەشەڕی ناوخۆدا کوژرا..!لەبری ئەوەی وەکو ئەمانەتێکی گرنگ، بەبایەخەوە لەشوێنی ئەمین بپارێزرێت وچاودێری تەندروستیو ژیانێکی شایستەی بۆ دەستەبەر بکرێت، بەمەش گرنگترین شایەتحاڵی کۆمەڵکوژی لەدەست دادگا چووە.

## ئەنوەرمحمد ڕەزا (ئەنوەر تەیار)

لە دایکبووی سالی ١٩٥٤ .

بەئەنەوەرتەیار ناسـراوە، لەبەرئەوەی سـایەقێکی تیژڕەو بووە.خەڵکی گوندی چەم سـورخاوی قادرکەرەمە.



لەناوەڕاســـتی مانگی نیســـانی ١٩٨٨ خۆی داوەتە دەسـت جاشـەکانی قاسـم اغا، دواتر تەسلیم کراوە بە ئیستخباراتی قـادرکەرەمو بە قۆنـاغەکـانی گرتنو گواستنەوەو پۆلێنکردندا تێپەڕیووە .

١٤ی نیســـان گەیەنراوەتە تۆپزاواو لە هەمـان ئەو هۆڵەدا زینـدانی کرا کە عوزیرو واحیـدو رەمەزانو ســـەلام قەشقەی تێدابوو.

١٦ی نیســـان بەهەمان پاصـــی ســـەرداخراو کە عوزێرو واحیدو رەمەزانی تێدا بوو ســـەر لە بەیانیەک لەتۆپزاوا ســـوارکراونو ماوەی ١٠ کاتژمێر ڕێگایان بەســـەرجادەی قیردا بریووەو ماوەی سەعاتێکیش بەسەرڕێگایەکی هەڵبەزودابەزی خۆڵدا ڕۆیشتوون.

لەو پاسەدا کە گوللەبارانکرانو عوزیرو رەمەزانو واحیدی تێدابووە.

، ئەنوەر ڕۆلێکی بەرچاوی بینیوە لەبەرەنگاری ئەوفسەرەدا، کە بەندکراوەکان پەلاماریانداوە.

لە گوللەبارانکردنەکەدا دوو فیشـەک بەردەسـتو قاچی کەوتووە، بەڵام خۆی دەربازکردووەو گەیشـتووەتە ئۆردوگایەکی عەرەب نشـین کە هەندێک خانووی چۆڵی تێدابووەو ماوەی سـێ ڕۆژ لەیەکێک لەخانووانەدا خۆی شاردووەتەوە.

چیرۆکێکی بۆخۆی دروسـتکردووە: گوایە شـۆفێری سـەیارەیەکی بار هەڵگربووەو چیمەنتۆی بارکردووەو وەرگەڕاوەو بەهۆی ئەو ڕوداوەوە هیچ ناسـنامەیەکی پێنەماوە، بەرێکەوت سـێ کوردی بینیوە کەلەحاڵی پەرێشـانو شـپرزەییان پرسـیوەو بەکوردی قسـەیان کردووە، ئەنوەر تەیـار ڕێکـو ڕەوان هەموو چیرۆکی دەربـازبوونی خۆی لەبـارەی کۆمەڵکوژی ئەنفالەوە بۆ باسکردوون، بەڵام یەکێک لەوان بەخوێن ساردییەوە گوتوویەتی : باشە کە ئەمە بۆ ئێمە باس دەکەیت تۆ دەزانی ئێمە چینو کێین؟ ئێمە هەرســـێکمان ئەمنو ئیســـتخباراتین..؟! ئەویش لەوەڵامدا پێیان دەڵێت هەرچییەک بن ئێوە کوردن، ئەوەش بەوان دەڵێت (کورد نەما) بەڵام یەکێکیـان بەســـۆزەوە پێی دەڵێت ئەوەی غیرەتی هەبێت دەبێت هـاوکاریت بکات، تەنانەت شـــەرواڵێکی نیلی دەلینگ کورتی پێدەداو ئەنوەرتەیار لەبەری دەکات، دواتر توشـــی دەبێت بەپیاوێکی عەربەوەو چیرۆکی وەرگەڕانی ســـەیارەکەی بۆدەگێڕێتەوە،ئەویش نـانی پێدابوو ڕێنمایی کردووە کە بەسـواری شـەمەندەفەر بڕواتەوە بۆ بەغدا سـەلامەتترە، ئەویش هەروای کردبوو. دەمەو بەیـانێکی زوو دەگـاتە شـــاری ڕومـادیو لەوێشـــەوە بەســـواری شـەمەندەفەرگەیشـتووەتە بەغدا، لەوێ ماوەی مانگێک لەماڵی پورێکی بەناوی (صـفیە ئەحمەد محمودو مێردەکەی جمال محیَ دین عەلی ) دەمێنێتەوە، ئیتر تەدوای برینەکەیان بۆکردووەو دواتر بەترس‌ودڵەڕاوکێیەوەگەڕاوەتەوە بۆ چەمچەماڵ، بەڵام بەداخەوە پاش ماوەیەک دیسانەوە بێسەرووشوێنکرایەوە..!

**کورد نەمـــــــــا**

(چۆمانی تاقانه) کوڕی ئەنوەرتەیار کەبرای دوو خوشــکە بەناوەکانی بۆتانو تاران، دەربارەی دەربازبوونی باوکی بۆ ئەنفالســتان دواو ووتی: پاش ئەوەی لەوکۆمەڵگوژیە رزگاری بوو، کە هـاتەوە بۆ چەمچەمـاڵ دەیگووت: ( کورد نەمـا) بۆیە هەر لەژێر کـاریگەری ئەو ترســـەی لەکۆمەڵکوژیەکە بینیویێتی نـاتوانێ لەچەمچەمـاڵ بمێنێتەوەو جـارێکی تر خۆی دەگەیەنێتەوە گوندەکانی گەرمیانو لەسەر چەمی ئاوەسپی خۆی دەشارێتەوە، (چۆمانی کوڕی) دەیگێڕایەوە کە باوکی بەبریندار گەیشــتووەتەوەلامان بەنامۆیی تەماشــای ئێمەی کردووەو ووتوویەتی ( کورد نەما و ئەوەشــی ماوە هەرنامێنێ) بۆیە دەرۆمەوە بۆ ئەو هەردەو هەتا صــدام لەســەر حوکم بێت نایەمەوە.باگورگ بمخوا باشـــترە چونکە من مردووم چۆن ئێوەماون..؟ چۆمان بەبیانووی داروپوش هێنانەوە توانیوێتی جاربەجارسەردانی بکات، نانو دەرمانی بۆدەبردووەو بەزۆریش لەناو قەبرســـتانەکەی هەردوو گوندی ( تەپەدێو لەژێر دارەکەی فەیزاوا) هاوکاری باوکی کردووە لەتەداویی کردنی برینەکانیدا کەپاش مانگێک هێشتا بەتەری مابوونەوە .

ئەنوەرتەیار لەبەرئەوەی پیاوێکی بەهیمەت بووە خۆشــی توانیوێتی بەهاوکاری چۆمانی کوڕی تەدوای خۆی بکـات، بەڵام بەداخەوە چیرۆکی بەزیندوومـانەوەی لێرەوە کۆتـایی دێتو ئیتر لەوناوە دیارنەماو بەیەکجاری وونبوو، هەتا ئێستاش بێســەرو شــوێنەو دیارنەمانی چیرۆکێکی ئاڵۆزە ...!

دەربارەی ئازایەتی ئەنوەرتەیار هەریەکە لە رەمەزانو واحیدو عوزێر بۆ ئەنفالســــتان دوانو باسیان لەوە کرد،ئەگەر ئەنەوەرتەیارنەبوایە کەسمان دەرنەدەچووین.

میدل ئێســـت وۆچ نوســـیوێتی : لەکاروانەکەدا بۆ شـــوێنی کۆمەڵکوژیەکە ئەنوەر تەیار لەلای پێشــەوەی پاســەکەوە دانیشـتبوو لەبەر ئەوەی پێشـتر شـۆفێربووە ڕێگاوبانەکان شـارەزابوو، بەندیەکان داوایان لێکردبوو لەدەلاقەکەوە تەماشـــــای دەرەوە بکات، بزانێ ڕوویان لەکوێیە، کەبەدزییەوە تەماشــای کرد، یەکەمجار وای بۆچوو کەڕێگای مووسـڵیان گرتووە، بۆیە هەموو بەجارێ تۆقین وهەناسـەسـواربوون، چوونکە " موصـل بەناوبانگ بوو بەشـوێنی ئیعدامکردنی کوردەکانو زۆربەی پیاو کوژانی حوکوومەتیش خەڵکی مووسڵ بوون (٤)" بۆیە ئەنفالکراوەکان بەجارێک تۆقین . بەڵام کەبەرەو باشــورلایاندا وتی: "مژدە ڕزگارمان بوو" رەنگە لەدوای ئەو مژدەیەوە بەندییەکـان ڕێگا دورودرێژەکەیـان بۆ بەنـدیخـانەیەکی تر لێکدابووەوە،دەنـا ئەگەر بۆکوشــتن بێت ١٠ ســـەعات ڕێگای دوری بۆچیە...؟ کاتێک لەلای پۆلیســـخـانەیەک وەســـتان ئاڵوگۆڕیک کرابوو ســـەربازی بەرگ ســـەوزو بێریی ڕەش جێیان گرتنەوە ،(دیارە دەســـتەی گوللەبـارانکردن بوون) دوولانـدکروز دوو بلـدۆزەرکەوتنە تەک پـاســــەکـان، بلـدۆزەرەکـان پێشکەوتن، بەتەنیشت ئاوی فوراتدا بەڕێکەوتن، بەڵام چەند پاسێکیان لێجیابوونەوە.

## ناوی هاشم محمد رەشیدە.




له دایکبووی ساڵی ١٩٦٣ی شاری سلیمانی لەگەڕەکی سەرکارێزە..
دەرچووی قۆناغی دووەمی ناوەندیە.
له ساڵی ١٩٨١ که عێراقو ئێران لەجەنگێکی وێرانکەردا بوون، لەخزمەتی سەربازی هەڵاتووەو چووە بۆ گوندی کورێمێ لەبەرئەوەی ماڵی خاڵی لەوێ بوون، لەناوچەی بادینان، ناحێی مانگێش سەربەپارێزگای دهۆک.
ماوەیەک بووەتە پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستانوتا ئابی ساڵی ١٩٨٨ پێشمەرگەبووە.
له پەلامارەکانی ئەنفالی هەشتی بادیناندا پاشئەوەی هیچ چارەیەکیان نەماوە لەبەرواری ١٩٨٨/٨/٢٨ لەگوندی کورێمێ لەگەڵ تەواوی خەڵکی ئەو گوندەدا خۆیان داوەتە دەست سوپاوە.
هەمان رۆژو لەهەمان گوند پاشئەوەی ژنو پیاویان له یەکتری جیاکردووەتەوە هەرلەجێدا ٢٠٠ مەترخوار گوندی کورێمێ کۆی پیاوەکانیان جیاکردەوە که ژمارەیان ٣٣ کەس بوو بەریزبردنیان بۆ خوارووی گوندەکەو بەکۆمەڵ بەفەرمانی دوو ئەفسەر بەناوەکانی عەباسو محمەد لەلایەن ١٠ سەربازی سوپاوە گوللەباران کران، هەرچەندە بە گوللەی سەربازەکان هاشم هیچ گوللەیەکی بەرنەکەوتبوو، بەڵام پاشئەوەی سەربازێک بەفەرمانی ئەفسەرەکە هاتبووە سەرتەرمەکانو وتبووی یەکیەک گولەی رەحمەتیان پێوەبنێ هاشم لەوەشدا بەختی هەبوو که سەری کەوتبووە نیوان هەردوو قاچی سەربازەکەو که تەقەی لێکردبوو بەرسمتو قاچی کەوتبوو، دواتر بەبرینداری رزگاری بوو.
پاشئەوەی دەرباوزبوو ماوەی ٨ رۆژ خۆیان لەچیا شاردبووەوە له لێبوردنی گشتی هەمان ساڵدا له بەرواری ٨ی ئەیلول بەربرینداری خۆی دایەدەستەوە، هەرچەندە بردبویانن بۆ قەڵای نزارکێ بەڵام دواتر رەوانەی ئۆردوگایانکردبوونو تائازاری ساڵی ١٩٩١ له ئۆردوگای جێژنیکان دەستبەسەربووە.
ئێستا هاوسەر گیری کردووەو باوکی سێ منداڵەو نیشتەجێی شاری سلێمانیە.
هاوڵاتیەکی دڵشکاوفەرمانبەرێکی موچە نزمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە. هەرلەبارەی دەربازبوونو کۆمەڵکوژی گوندی کورێمێ لەم ژمارەیەی ئەنفالستادا بەسەرهاتی هاشم بخوێنەرەوە.

**عەبدالقهار خەلیل.**



له دایکبووی ســــالّی ١٩٦٢ی گونـدی کوریمێ سەربەناحیێ مانگێشی پارێزگای دهۆکه.
له سالّی ١٩٨٨ دانیشتووی گوندی کوریمێ بووه.
ئەوســــەروەختە پێشـــمەرگەی پـارتی دیموکراتی کوردستانبووه تا ئابی سالّی ١٩٨٨
له پەلامارەکانی ئەنفالی هەشتی بادیناندا پاشئەوەی هیچ چـارەیەکیـان نەمـاوه لەبەرواری ١٩٨٨/٨/٢٨ لەگوندی کوریمێ لەگەڵ تەواوی خانەوادەکەیو منداڵەکانیو خەڵکی گوندی کوریمێ خۆیان داوەتە دەست سوپاوە.
هەمان رۆژو لەهەمان گوند پاشـئەوەی ژنوپیاویان لەیەکتری جیاکردووەتەوە، عەبدوالقهارو مام خەلیلی باوکیان لەمنداڵەکانیان جیاکردەوەو تێکەڵ بەو ٣٣ پیـاوەکرد کە دواتر هەر لەجێدا ٢٠٠ مەترخوارگونـدی کوریمێ بەفەرمـانی دوو ئەفســـەرەکەی بریاربەدەســـت بوون، لەلایەن ١٠ ســـەربازی ســـوپاوە گوللەباران کران، لەوکۆمەڵکوژیەدا عەبدالقهار بەبریندار رزگاری بوو. هەرچەندە دوو فیشـــەک بەر پشـــتی کەوتبوو بەلام توانی لەناو تەرمەکان هەســـتێتەوەو دەربازی بێت، بەلام باوکی بەناوی خەلیل محمد لەهەمـان کۆمەڵکوژیـدا کوژراو ســـالّی ١٩٩٢ لەلایەن تیمێکی پزیشـــکی داوەری بەسەرپەرشتی (سۆنی ترامبل) تەرمی ئەوقوربانیانە دەرهێنایەوەو یەکێک لەوانە خەلیل باوکی عەبداقهاربوو.
پاشـــئەوەی له لێبوردنی گشـــتی هەمان ســـاڵدا له بەرواری ٨ی ئەیلول بەربریندار ی خۆی دایەدەســـتەوە، تا ئازاری ســـالّی ١٩٩١ له ئۆردوگای جێژنیکان لەگەڵ هاشـم محمدی پورزای دەستبەسەربووه.
هەرئەوسەروەختە باوکی سێ منداڵ بووەو تەواوی خانەوادەکەی ئەنفالکراونو دواتر له ئەمنی مانگهێشت کەسێ:ی خزمیان توانیبووی بیاندزێتەوەو خۆیان دەربازکردبوو، ئێستا نیشتەجێی مانگێشک شاری دهۆکه.
شایانی باسە عەبدولقهاریش لەگەڵ عەبدولکەریمو ئەبابەکر سالّی ٢٠٠٦ وەکو شـایەتحاڵیکی کۆمەڵکوژی گوندی کوریمێ ئامادەی دادگای بالّای تاوانەکان بوو، روبەرووی صـــدام عەلی حەسەن مەجید بووەوەو لەبەردەمی دادوەر برینەکەی پیشانی تۆمەتبارانی ئەنفالدا.
ئێستا لەبەرێوەبەرایەتی ئاسایشی دهۆک دەوام دەکات.

## عەبدالكريم نايف



له دایكبووی ســـــاڵی ١٩٦٧ی گونــدی كوریمێی، ســـەربەناحیێ مانگێشـــی پارێزگای دهۆكە.دەرچووی قۆناغی دووەمی ناوەندیە.
له ساڵی ١٩٨٨ دانیشتووی گوندی كوریمێ بووه.
ئەو ســــــەروەختە پێشـــــمەرگەی پارتی دیموكراتی كوردستانبووه تا ئابی ساڵی ١٩٨٨
له پەلامارەكانی ئەنفالی هەشـتی بادیناندا پاشـئەوەی هیچ چـارەیەكیـان نەمـاوە لەبەرواری ١٩٨٨/٨/٢٨ لەگوندی
كوریمێ لەگەڵ تەواوی خەڵكی ئەوگونـدەدا خۆیـان داوەتە دەست سوپاوە.

هەمان رۆژو لەهەمان گوند پاشئەوەی ژنوپیاویان لەیەكتری جیاكردووەتەوە هەر لەجێدا ٢٠٠ مەترخوارگوندی كوریمێ كۆی پیاوەكان كە ژمارەیان ٣٣ كەس بوو بەفەرمانی دوو ئەفســـەر بەناوەكانی عەباس‌ومحمەد لەلایەن ١٠ سـەربازی سـوپاوە گوللەباران كران، لەو كۆمەڵكوژیەدا عەبدالكریم گوللەیەك بەرشانی كەوتبوو، بەڵام بەبریینداری رزگاری بوو.
باوكی بەناوی حاجی نایف ئەنفالكراو بران بۆكەمپی سەلامیەو دواتر رەوانەی بەحركەكراون.
پاشـــــئەوەی له لێبوردنی گشـــــتی هەمان ســـاڵدا لەبەرواری ٨ی ئەیلول بەربریینداری خۆی دایەدەســـتەوە، تا ئازاری ســـاڵی ١٩٩١ له ئۆردوگای جێژنیكان لەگەڵ هاشـــم محمدی پورزای دەستبەسەربووە.
هەرئەو ســـــەروەختە تەواوی خانەوادەكەی ئەنفالكراون‌وبراوان بۆ كەمپی ســـــەلامیەو دواتر براون بۆ بەحركە. عەبدولكەریم لەجێژنیكا هاوســـەرگیری كردووەو ئێســـتا نیشـــتەجێی شـــاری دهۆكە .
عەبدولكەریم ســـاڵی ٢٠٠٦ وەكو شـــایەتحاڵیكی كۆمەڵكوژی گوندی كوریمێ ئامادەی دادگای باڵای تاوانەكان بوو، روبەرووی صدام عەلی حەسەن مەجید بووەوە.
باوكی پێنج منداڵەو خەریكی تەواوكردنی خویندنەو لەشەشەمی وێژەیی
هاوڵاتیەكی دڵشكاوەو لەبەرێوەبەرایەتی ئاسایشی دهۆك دەوام دەكات.

## ئەبابەكر عەلی سەعید



له دایكبووی ســـــاڵی ١٩٥٤ی گونـدی كورێمێی سەربەناحیێ مانگێشی پارێزگای دهۆكه.
له ساڵی ١٩٨٨ دانیشتووی گوندی كورێمێ بووه.
كه پەلامارەكانی قۆناغیه هەشـتەمی بادینان دەسـتیان پێكرد ئەبــابكر پێشـــمەرگەی پــارتی دیموكراتی كوردســـــتانبو، تا رۆژی ٢٨ی ئابی ســــاڵی ١٩٨٨ بەنـاچـاری لەگەڵ خەڵكێ:ی زۆر خۆیـان رادەســـتی ســـوپـای رژێمی بەعس كرد، لەهەمـان رۆژدا پاشـــئەوەیچەكەكانیان تەسـلیم كرد، ژنو پیاویان له یەكـتـری جـیـاكـردووەتەوه هەر لەجـێـدا ٢٠٠ مەترخوارگوندی كورێمێ كۆی پیاوەكان كەژمارەیان ٣٣ كەس بوو لەلایەن دوو ئەفســەری رەزاگرانەوه كەناوەكانیان عەباسو محمەدبو بەفەرمانی ئەوان ١٠ ســـەربازی ســـوپا، گوندنشـــینەكانیان ریزكردبوو دواتر گوللەباران كران، لەو كۆمەڵكوژیەدا ئەبابكر بەرلەوەی گوللەباران دەستپێبكات،پركێشـی كردبوو توانیبوی لەریزەكه، بـێـته دەروەورابـكـــات، بەڵام هەروا ١٠٠ مەتـرێـك رای كـردبــوو كه جەلادەكـان دایـانگرتووەتەوەوگولله قاچەكـانیـان پێكـاوەو كەوتووه، ئەبـابەكر بـاشـــئەوەی بیرمـاوه كه لەدورەوه ســێجار به رەشـاش تەقەیان لێكردووه، بەڵام ســـەربازەكان به حسـابی مردوو بەحێیانهێشـتبوو، ئەوشـەوه تابەیانی له نزیك تەرمی قوربانیەكان به برینداری ماوەتەوه بەڵام كه رۆژبووەتەوه كەوتووەته دەست كۆمەڵێك جاشو بردبویان بۆ مانگێش كەچی لەوێ هەمان ئەو ئەفسەرەی بینیبوو كه فەرمانی رەمی كردنەكەی دابوو، ئەفسەرەكەش كه ناسیبوویەوه به پۆسـتاڵ قاچەبرینداره‌كانی شـێلابوو بەجۆرێك ئازاری ئەبابەكری دابوو هەتا ئێسـتاش شـوێنی لێدانەكانی پێوەدیاره كەچی سەیرلەوەدابوو، بریاری كوشتنی نەدابوو، رادەستی قەلای نزاركێی كردبوو، وبەرێكەوت لەوكاته بریاری لێبوردنی گشتی دەرچووەوبەهۆیەوه رزگاری بوو.
ئەو ســەروەختە باوكی ســێ منداڵ بوو، ئەوان ئەنفالكرانو بران بۆكەمپی ســەلامییه، برایەكی بەناوی سـەعید لەو كۆمەڵكوژیەدا كوژراو برایەكی تریشـی بەناوی كامەران شـەهید بوو.ئێسـتا نیشتەجێی شاری دهۆكه.هێشتا پێشمەرگەیەو دەوام دەكات.

## صدقی عبدوالقادر فتاح



له دایکبووی ســـاڵی ١٩٧٣ی گوندی چەلکێی ســـەربەنـاحێی مـانگێشـــی پارێزگای دهۆکه.
که لەگەڵ کورێمێ دراوسێ گوند بوون, دەرچووی قۆناغی دووەمی ناوەندیه.
له ســـاڵی ١٩٨٨ دانیشـــتووی گوندی چەلکێ نزیکی کورێمێ بووه.
ئەو ســـەروەختە پێشـــمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستانبووه تا ئابی ساڵی ١٩٨٨
له پەلامـارەکـانی ئەنفـالی هەشـــتی بـادینـانـدا لەبەرواری ١٩٨٨/٨/٢٨ لەگوندی کورێمێ لەگەڵ فەتاحی برایو تەواوی خەڵکی ئەوگوندەدا خۆیان داوەتە دەست سوپاوه.
هەمان رۆژو لەهەمان گوند پاشـــەوەی ژنو پیاویان لەیەکتری جیاکردووەتەوه هەر لەجێدا ٢٠٠ مەترخوارگوندی کورێمێ لەگەڵ کۆی پیاوەکان که ژمارەیان ٣٣ کەس بوو بەفەرمانی دوو ئەفسـەر بەناوەکانی عەباسو محمەد لەلایەن ١٠ سـەربازی سـوپاوه گوللەباران کران، لەو کۆمەڵکوژیەدا صـدقی تەنها گوللەیەکی بەرکەوتبوو ئەویش پەنجەیەکی پێکاوه، پاشـئەوەی له ناوتەرمەکان هەسـتاوەتەوەو دورکەوتووەتەوه توشـی به کەریمو عەبدالقهاروهاشـمەوه بووەو له چیا خۆیان شـــاردووەتەوه، هەرلەوکاتەدا عەبدولقهارو هاورێکانی بەبێ بەنج بەچەقۆیەک پەنجه بریندارەکەیان بۆ بریوەتەوه.
له لێبوردنی گشتی، رۆژی ٨ی ئەیلول خۆی داوەتە دەستەوەو بەلێبوردنەکه رزگاری بوو.
برایەکی تریشـــی بەناوی فەتاخ لەهەمان کۆمەڵکوژیدا دەربازبووه، بەڵام فتاح هەریەکجار بینراوەو واتر بێسەروشوێنکرایەوەو هەتا ئێستاش بێسەروشوێنه.
سـاڵی ١٩٩٢ لەلایەن تیمێکی پزیشـکی داوەری بەسـەرپەرشـتی (سـۆنی ترامبل) تەرمی ئەو قوربانیانەیان دەرهێنایەوه که لەوکۆمەلکوژیەدا شەهید بوون.
صدقی ئێستا هاوسەرگیری کردووەو باوکی دوو منداڵه
لەدوای ساڵی ١٩٩١ کوردستانی بەجێهێشتووەو بەهەولو توانای خۆی گەیشتووەتە هەندەران، ئێستا هاوڵاتیەکی دڵشکاوەو بەناهەندەیی لەوڵاتی سوید دەژی .

## فەتاح عەبالقادرفتاح



له دایکبووی سالی ١٩٥٢ ی گوندی چەلکی ناحی کانی ماسی بەرواری بالایە
خێزاندار بووەو باوکی (٧) منداڵ بوو.
ساڵی ١٩٨١ بووەتە پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان .
ساڵی ١٩٨٨ پاشئەوەی لەکۆمەڵکوژییەکەی گوندی کوریمێ رزگاری بوو، جارێکی تر دەستگیرکرایەوەو لەقەڵای نزارکێ شەهیدکرا .
چیرۆکی فەتاح زۆر تراژیدیە سالی ١٩٨٨ لەپەلاماری ئەنفالی ناوچەی بادینان پاشئەوەی خۆیان ڕادەستی سوپای عێراق کرد لە کۆمەڵکوژیەکەی گوندی کوریمێ لەناحیێ ددۆسکی "مانگیش" لەگەڵ ٣٣ پیاو کەهەموویان خەڵکی گوندی کوریمێو گوندی چەلکی بوون، لەژنو منداليان جیاکردنەوەو ٢٠٠ م لەخوار گوندی کوریمێ لەلایەن دەستەیەک سەربازەوە بەفەرمانی دوو ئەفسەر بەناوەکانی (عەباس و محەمەد) گولەبارانکران . جێگەی ئاماژەیە لەو کۆمەڵکوژیەی گوندی کوریمیدا ٩ کەسیان خەڵکی گوندی چەلکی بوون، بەڵام کە ٦ کەس رزگاریان بوو، دوان لەوان فەتاح وصدقی برای بوون، بەلام بەداخەوە فەتاح جارێکی تر لەلایەن سوپاوە دەستگیرکراو رەوانەی قەلای نزارکێ کراو لەوێ بەپێشچاوی کچەکەی "فایزە" و ژنەکەی "سەبریە" یەوە بەبلۆک لەگەڵ کۆمەلێک پیاوی تر کوشتبویانن .
فەتاح باوکی ٧ منداڵی تربووە . ناوی ژنو منداڵەکانی فەتاح ئەمانەن : ( خەزان (مردووە) فائزە، ناسیح، ئیحسان. رۆناهی. عەزیزە گوڤان. هەرمان)

## کۆمەڵکوژی گوندی مێرگەتووی ناوچەی بادینان

**بەنگین مستەفا عبدالقادر** ( بەداخەوە وێنەی بەنگین دەستنەکەوت)

**له دایکبووی ١٩٦٦**

لەکۆمەڵکوژییەکی ٨ کەسی گوندی مێرگەتی رزگاری بوو، بەڵام دواتر خزمەکانی رادەستی ئەمنیان کردەوەو ئیدی بێسەروشوێنکرا.

چیرۆکی بەنگین پشـــتی بە شـــایەتیی خزمانی یەکێک لەو هەشـــت پیاوە بەســـتووە، کەوا لەکـاتی گولله بـارانەکەی گونـدی مێرگەتیـدا برینـداربووەو دواجـارخۆی گەیـاندووەتە بارەگایەکی جاش, لەکۆمەڵگای قەدش. ســەرجاوەی زانیاریی ئەمباســە تراژیدییەی گوندی مێرگەتووی لە( The Destruction of Koreme )له لاپەڕە ٥٠ دا هاتووە..

کۆمەلکوژیەکەی گونـدی مێرگەتووی حەوت کەس بوون کە لە نـاویـانـدا یەکێـک نـاوی نادیارە، ئەوانیش کە گوللەبارانکران ئەم کەسانە بوون:

١. محمد صالّح عبدالقادر (لە دایکبووی ١٩٣٨).
٢. مصطفى عبدالقادر مصطفى (لە دایکبووی ١٩٢٦ یان ١٩٢٧).
٣. سلێمان شعبان چچۆ (لە دایکبووی ١٩٥٦).
٤. عادل محمد خالد (لە دایکبووی ١٩٦١).
٥. ڕەمەزان أحمد حمو (لە دایکبووی ١٩٦٨).
٦. حميد أحمد حمو (مێژووی لە دایکبوونی نەزانراوە).
٧. بەنگین مستەفا عبدالقادر بوو (کە دەربازی بوو)

## راسپاردەکان :

1. ئەودەربازبووانە پێویستە لە وەزارەتی پێشمەرگەو وەزارەتی ناوخۆ دەربهێندرێن. کە ئێستا سێ کەسیان لە ریزەکانی سوپاو ئاسایشدان . چونکە دورنییە بەهۆی جەک هەلگرتنەوە لەچرکە ساتێکدا بگەرێنەوە بۆ یادەوەری تاوانی کۆمەلکوژییەکەو تاوانێک ئەنجام بدەن.
2. لەیادی کۆمەڵکوژی ئەنفالدا، لە کاتێکی جیاوازدا مەراسیمێکی رێزلێنانی شایستەیان لەسەرئاستی هەرێم بۆسازبدرێت .
3. لە هەرکوێیەک کە گونجاو بێت ئۆفیسێکی تایبەت بەو ١٠ کەسە بکرێتەوەو ناوبندرێت (ماڵی ئازادی یان هەرناوێکی گونجاوتر) و سەربە یەکێک لەوەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت ، یان سەنتەرێکی تایبەتوسەربەخۆ بێت، بۆ ئەوەی لەسەرئاستی ناوخۆودەرەوە ببێتە شوێنی بینینی ئەوکەسایەتیانەو لەلایەن لێکۆلیارورۆژنامەنوسانوکەسایەتی چالاک لەبواری مافی مرۆڤ کە بۆلێکۆلینەوە لەسەر جینۆسایدکردنی کورد، دێنە کوردستان بتوانن، سەردانیان بکەنوزانیاریان لێوەربگرن.
4. لەمەراسیمی رێزلێنانیاندا (وسامی شەرف) یان مەدالیای رێزلێنانیان پێببەخشرێو ئەوانەشی لە ژیاندا نەماون هەمان مەدالیاو ئیمتیازات بدرێتە نزیکترین کەسیان. چونکە دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە چوار کەسیان لە ژیاندا نەماون.
5. ئەوانەی لەژیاندا نەماون، لە نزیکترین شارکە لە شوێنی نیشتە جێیانەوە نزیکە پەیکەری سومبلیان بۆدروست بکرێت . ( ئەنوەر تەیار – لەشاری چەمچەماڵو حەمەعەلی عالیان لە شاری کەلارو فەتاح کورێمێی لە شاری دهۆک، بەنگین مستەفا عبدالقادر لەقەزای ئامێدی ) .
6. ئەوانەی ئێستا لەولاتە یەککگرتووەکانی ئەمریکاو وولاتی سوید دەژین، بانگهێشتبکرێنەوە بۆنیشتمانو ئەگەر بخوازن بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە لە کوردستان بژین.
7. ژیانی تایبەتیان بۆدابین بکرێت، لەروی تەندروستیو ئەمنیەوە پارێزراوبن و موچەیەکی شایستەیان بەپێی ژمارەی خێزان و تایبەتمەندێتی خۆیان بۆ ببڕدرێتەوە .
8. کەناڵی تایبەتو گشتییان بەڕووی جیهاندا بۆبکرێتەوە، چونکە ئەومرۆڤانە ناسنامەی جینۆسایدی نەتەوەیەکنو دەشێت سودێکی زۆر بەدوارۆژی گەلی کوردستان بگەیەنن.
9. لەکۆروکۆبوونەوەومەرسیمەکانی تایبەت بەئەنفال وجینۆسایدا ئەم دەربازبوانە بەفەرمی بانگهێشت بکرین وشوێنی تایبەت بەدانیشتنیان هەبێت.
10. بۆکۆنگرەو کۆنفرانسەکانی دەرەوەی ولات بەشدارییان پێبکریت و بناسێندرێن .
11. هەموو ئەمانە کە ئێستا سەرقالکراون بەمامەڵەی زیندانیانی سیاسییەوە لەو خانەیە دەربهێندرێن چونکە ئەوان زیندانی سیاسی نەبوون بەڵکو لەکۆمەڵکوژی دربازیان بووە.

12.بەدەر لەدەربازبووەکانی ئەنفال دەربازبووەکانی ئێزدییەکان هەمان ئیمتیازەکانی سەرەوە بیانگریتەوەو دەرفەتی زیاتریان پێبدرێت بۆ چونەدەرەوەی ولات بەمەبەستی گێرانەوەی چۆنێتی کۆمەڵکوژییەکەو دەربازبونیان .

## بۆ بەرچاو ڕوونی زیاتر دەبێت بزانین ئەو شایەتحاڵانە چۆن دەژین ؟

بەشـــێوەیەکی گشـــتی دەربازبوانی کۆمەڵکوژی ئەنفال کەدەبوو زۆر گرنگیان پێبدرایە بەپێچەوانەوە لەژیانێکی خراپدا دەژین، لەناوخۆشـــیاندا جیاوازی لە ژیان و گوزەرانیاندا هەیە واتـا یەک لەوی تر حـاڵی خراپترە، بەداخەوە هەریەک لە (عوزێرو واحیدو ڕەمەزان) لەولاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاو (هاشم ) لە هەرێمی کوردستان لە ژیانێکی زۆرخراپدا دەژین، ئەمە لەکاتێکدایە کە ئەو ژمارە کەمە لە دەربازبووانی گۆڕی بەکۆمەڵ لە تواندا بوو کۆمەڵگای کوردســتان وحکومەتی هەرێمی کوردســتان وەکو بیلبیلەی چاوی خۆی بیان پارێزێ، دەبوایە ماڵی ئەوان لەماڵی سەرۆکەکان و لەماڵی پەرلەمان وپەرلەمانتاران پۆشتەتر وسەلامەت تربوایە وەلی ئەفســـووس .. من لەنزیکەوە ژیانو گوزەرانیان ئاشـــنام، لەناویاندا ژیانی عوزێرو ئەبابکرو هاشم حەقیقەتێکی زۆرتاڵو شەرمهێنەرە. فەرەجی تۆپخانە بۆی گێرامەوە ووتی: هەر چۆنێـک بێـت ئێمە دەژینورای دەکێشـــین بەڵام ئەوەی زۆر مەغـدورە کـاک عوزێرە هەڵوەســـتەیەکی کردوو ووتی: عوزێر لەوێ پیتزا بەســـەرماڵاندا دەگێرێت، بەکرییەکی کەم و بەســـەیارەو بەنزینی خۆی، شـــەوێکیان ســـەیارەکەی لەبەفردا چەقی بوو، چەندی کردبوو کۆشـــابوو بۆی دەرنەچووبووکەســـیش هـاوکـاری نەکرد یوو، بۆیە ئەویش بەنـاچـاری هەمووجلەکانی داکەندبوو خستبوویە ژێر تایەی سەیارەکەی تادەری کردبوو کە گەیشتبووەوە ماڵەوە بەتەواوی کەسیرە ببوو) ئەمە حالی دەربازبوانی گۆری بەکۆمەڵە..!! کەچی لەملاشـەوە هەربابایەوبەناوی ئەنفالو لەســـەر ئێســـکو پرســـکو چیرۆکە قورســـەکانی ئەنفال خەریکی ســـەفەروگەشـتو گوزارە، بێئەوەی هەرگیز بیریان بەلای ئەوەدابچێت کەهەتا ئەودەربازبووانە وەستابن قسەکردن بۆ ئەوان نەهاتووە .

وردبوونەوەو تێڕامان لە وێنەی هەریەکێک لەدەربازبوانی کۆمەڵکوژی ئەنفال بەسـە بۆ ئەوەی لە روخســـاریاندا هەموو مەینەتیەکی ئەم قوربانیانەو نەتەوەکەیان لەلایەکو نادادپەرەوەری و بێباکی حکومەت لەلایەکی تر بخوێنینەوە. هەموومان هەســـت بە شـــەرمەزاری دەکەین کە تۆمەتبارانی ئەنفال بە موچەوپلەوپایەی بەرزەوە لەهەرێمی کوردســـتان بن و دەربازبوانی کۆمەڵکوژی ئەنفال لەمەینەتیدا بژین ؟!

جێگەی خۆیەتی وەزارەتی کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوان و پەرلەمانی کوردستان ئەم خاڵانە لەبەرچاو بگرن و سود لە راسپاردەکان وەربگرن کەوا ماوەی چەند ساڵێکە سەرقالم پێیانەوە .

# پاشکۆی وێنەکان



کەمپەکانی کۆکردنەوەو پۆلێنکردن .



تۆپزاوا شوێنی دەستەبەسەرکردن و پۆلینکاری



شێوەیەک لە کاری جیاکردنەوەو پۆلێنکاری ئەنفال



دربازبوانی پارێزگای سەماوەو موسڵ



حەمە عەلی عالیان دەربازبووی
کۆمەڵکوژییەکی ناوچەی حەزەر– موسڵ



تەیمور عەبدوڵا، دەربازبووی
کۆمەڵکوژییەکی بیابانەکانی سەماوە .

# دەربازبوانی کۆمەڵکوژی کورێمێ



**فریشتەکان : هاوکاران و ئەوانەی بەهانای دەربازبوانەوە چوون .**



**ئەسعەد حمە ساڵح : ئەو سەربازە کوردەی خۆی وباوکی هاوکاری هێنانەوەی تەیمور عەبدولا بوون .**




**یەدولا عەلی موراد- دانیشتووی کەمپی ئاڵتاش – ١٩٨٨ هاکاری ئەنوەر محەمەد رەزا (ئەنوەر تەیار)ی کردووە**



**فاتمە فەتحوڵا دانیشتووی کەمپی ئاڵتاش ١٩٨٨**

**ئەوژنەی یەکەم نانی گەرمی خستە بەردەم فەرەج تۆپخانە، دوای دۆزینەوەی لەگەڵ حاجی فەرەج سەردانمان کردوو جارێکی تر یەکتریان بینیەوە .**

## فیلمی هەزارویەک سێو :

دوای ئەوەی لەگەڵ هونەرمەندی کۆچکردوو تەهاکەریمی باسی ئەم دۆسێیەم کردو بیرۆکەکەم خستە بەردەمی سەرئەنجام فیلمی هەزارویەک سێوی لێ بەرهەمهات.





# گەشتی ئەنفالستان لەگەڵ دەربازبووان






**دوا پرسیار ئایا بۆچی تاکەکەس دەتوانێ دەربازبوان کۆبکاتەوەو بەیەکتریان بناسێنێت وگەشتیان پێبکات ؟ بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان ناتوانێ ؟**

**سەرچاوەکان :**

**کتێبەکان .**

بۆ ئامادەکردنی ئەم باسە جگەلە بەدوادوچوونی مەیدانی خۆم سودم لەم کتێب و گۆڤارانەش وەرگرتووە .

1. جینۆساید لەگێراق و پەلاماری ئەنفال بۆسەر کورد چاپی دووەم ٢٠٠٤ وەرگێرانی محەمەد حەمە ساڵح توفیق .
2. عارف قوربانی لە تۆپخانەوە بۆ عەرعەر دیدار لەگەڵ فەرەج .
3. عوزێر
4. رەمەزان
5. دیدارەکانم لەگەڵ واحید . فەرەج ، عوزیر، رەمەزان، هاشم.
6. دیدارلەگەڵ یەدوڵا عەلی موراد
7. دیدار لەگەڵ فاتمە فتح الله
8. دیدار لەگەڵ ئەسعەد حەمە ساڵح
9. تراژیدیای بەفروئەنفالی مەرگە- محمود عومەر- ٢٠١١ .

**گۆڤارو ڕۆژنامەو ماڵپەرەکان**

1. ئەنفالستان ژمارە ( ٥) ژمارە (٨) ژمارە (١٠) . ژمارە (١١ و ١٢ )
2. رۆژنامە (هەفتەنامەی میدیا ژمارە ٢٦٥ -٢٦٦ .

3. ماڵپەری سبەی
4. ماڵپەری ئەنفالستان
5. ماڵپەری پەرلەمانی کوردستان .
6. ماڵپەری وەزارەتی کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوان .

**فۆتۆکان :**

هەندێکیان نەناسراون لە وانە وێنەی ڕحمە لە هەفتەنامەی میدیا وەرگیراوە، وێنەی حەمە عەلی عالیان لە گۆگڵی وەرگیراوە .

وێنەی کۆمەڵکوژی کورێمێ

وێنەکانی گۆڤاری ئەنفالستان .

وێنەکانی هێمن عەبدولا.

وێنەکانی سمکۆ سابیرن